زانست

زانست

# وانەو پەندەکانی

# چل گوڵی گوڵزاری فەرموودە


کۆکردنەوەو ڕاڤەکردنی

د. عومەر عەبدولعەزیز



چاپی چوارەم

١٤٤٢ ک / ٢٠٢١ ز

**ناسنامەی کتێب**


- ناوی کتێب: وانەو پەندەکانی چل گوڵ لە گوڵزاری

  فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ

- هەڵبژاردن‌و ڕاڤەکردنی: د. عمر عبد العزیز
- چاپی چوارەم، (٢٠٢١ ز )


- ناونیشانی ئەلیکترۆنیی نوسەر: omer958@yahoo.com


- ژمارەی سپاردنی (١٤٤) ساڵی (١٩٩٨) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری

  حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێدراوە.

- چاپ‌و بڵاوکردنەوە: ناوەندی سارا، سلێمانی.


- مافی لە چاپدانەوەو لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر.

## دەسپێكی چاپی نوێی شەرحی چل گوڵ

## بسم الله الرحمن الرحيم

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآَخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ النساء/ ٥٩.

دوای سوپاسی شایانو پڕاوپڕ بۆ خوای پەروەردگارو داوای سڵاوو ڕەحمەتو بەرەكەتی خوا، بۆ گیانی پێغەمبەری ئیسلامو یارانو شوێنكەوتووانی:

پاش ئەوەی (ناوەندی ڕۆشنبیر) لە سلێمانی لە چەند ساڵی ڕابردوودا، دەیان هەزاری لە نامیلكەی چل گوڵی لە چاپ دا، ساڵی (٢٠٠٩ز) بە پێی پێویست ڕاڤەی فەرموودەكانم كردو هەندێك وانەو پەندم لێ دەرهێنان، وەك هاوكارییەك بۆ براوخوشكانی مامۆستاو پەروەرشیار. بۆیە ناوەندی ناوبراو، پاش سێ ساڵ دواكەوتن، هەرچۆن بوو (٢٠٠٠) دانەی تری بەو شەرحەوە لێ چاپ كردو لە ماوەیەكی كەمدا زۆربەیان تەواو بوون.

ساڵی (٢٠١٣ز) هەندێ لە دۆستان داوایان كرد كە بە بۆنەی مانگی لە دایكبوونی پێغەمبەری سەروەرەوە ﷺ، ژمارەیەكی زۆری لێ چاپ بكەین، تا بگاتە دەستی زۆربەی تامەزرۆیانی فەرموودەو شەیدایانی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا ﷺ و قوتابخانە مزگەوتییەكان. منیش ئەو بۆنەیەم بە هەل زانیو حەزم كرد ئەم جارەش لە فەڕو بەرەكەتی

ئەم فەرموودانە بێبەش نەبم، بۆیە بە وردیی پیایاندا چوومەوەو هەندێك وردە هەڵەم لێ ڕاستكردنەوە.

بەداخەوە بڕیار بوو ناوەندی ڕۆشنبیر بۆ چاپی نوێ، سایزی خەتەكەو قەبارەی نامیلكەكە گەورە بكەن، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاگام لێبێت بە هەمان سایزو قەبارەی بچووك، چاپێكی تریان كردەوە، بۆیە بۆ جارێكی تر خۆم سەرپەرشتی ئەم چاپە نوێیەم كردەوەو سایزو قەبارەكەم گۆڕی.

هیوادارم خوێنەرانو پەروەرشیاران سوودیان لێ ببینن‌و لە دۆعای خێرو داوای وەرگیرانی ئەم كارە خێرە بێبەشمان نەكەن.

عمر عبد العزیز

ڕەجەبی (١٤٣٩) كۆچیی

ئازاری (٢٠١٨ز)

## پێشەکی

لە ساڵی (١٩٩٢ز)، هەندێك لە مامۆستایانو براو خوشكانی دۆستی پێغەمبەر (ﷺ)، داوا یان لێ كردم كە چل فەرموودە هەڵ بژێرمو واتا یەكی كورت یان بكەم، بۆ تا مەزرۆیانی گوڵزاری فەرموودە، بە مەبەستی خوێندنو لە بەركردنیان لە لا یەن ئەوانەوە كە لە وانە گشتییو تایبەتییەكاندا پێویستیان بوو ئاشنا ببن بە لایەنی ژیاننامەو ئاراستەكانی ئەو سەروەرە. بەندەش چل فەرموودەم هەڵبژارد، هەر یە كەیان بۆ بوار ێكو كور تە واتا یەكم كردن، هێ ندەی یار مەتی مامۆستایانی وانەبێژ، یان ڕاڤەكاری فەرموودە بدات، ئەوی ترم بەجێ هێشت بۆ مامۆستایانی بەڕێز، كە وانەو پەندو ئامۆژگاریی پێویستیان لێ دەربێنن بۆ قوتابیان دۆستانی فەرموودە.

لەو كاتەوە بە سوپاسەوە دەیان جار ئەو نامیلكەیە بە ناوی ( چل گوڵ..) بە ئاگاییو بە بێ ئاگایی بە ندە لە هەولێرو لە سلێمانی لە چاپدراوە. ئەوەی بە ندە ئا گام لێ بێ تەنها لە شاری سلێمانی نزیكەی (٣٠) جار چاپ كراوەو تیراژی چاپی ئەم نامیلكە بە بەرەكە تە لە دە یان هەزار تێ پەڕیوەو تەنها لە لا یەن (ناوەندی ڕۆشنبیر)ەوە سنوری (٩٠) هەزار دانەی لێ چاپكراوە، خوای گەورە وەری گرێ لە هەزاران ماڵو قوتابخا نەی مز گەوتییو پۆ لەكانی شەیدایانی فەرموودەدا، سوودیان لێ بینراوە.

لەم دواییانەدا کەوتمە بیری ئەوەی کە پێیا ندا بچمەوەو لە ڕووی ( سەنەد)و ( مەتن)ەوە، بە ورد یی بگەڕێ مەوە بۆ سەر چاوە سەرەکییەکانو لە ڕووی ڕا ڤەو واتاکردنیشەوە بە پ ێی پێویستو توانا، پەندو وانەی گونجاویان لێدەربهێنم، بۆ ئاسانکاریی خوێنەرانی کوردزمانی خۆشەویست.

هیوادارم سوودو بەرەکەتی ئەم فەرموودانە بەردەوام بێو خوێنەران بە گشتی بێبەشمان نەکەن لە دوعای خێرو داوای پاداشتی خوایی.

ئەوەی لەم پێدا چوونەوەو ڕا ڤەو واتاکرد نەدا گرنگیم پ ێداوەو پێڕەوم کردووە، لەم چەند خاڵەدا دەخەمە ڕوو:

**یەکەم:** بە وردیی‌و بە شێوەی زانستیی ( تەخریج)ی فەرموودەکانم کردووە، بە: باسی سەرچاوەکانی فەرموودە، ئاماژە بە ناوی (کتاب)و ژمارەی (باب)ی سەرچاوەکەو ژمارەی فەرموودە، تا هەر خوێنەرێك بیەوێ ڕاستەوخۆ بە ئا سانی لە سەرچاوەکانەوە سەیریان بکاتو دڵنیا ببێتەوە لێیان.

**دووەم:** لە هە ندێك ( تەخریج)و دەرهێنانی فەرموودەکانی چاپە پێشووەکانی (چل گوڵ)دا هەڵە هەبووە، ڕاستم کردوونەتەوە.

**سێیەم:** دەقی هەندێك فەرموودەم بردە سەر ئەو دە قەی کە (متفق علیە)یە، ئەگەر پێشەوایان (بوخاری)و (موسلیم) لەسەری کۆك بووبن.

**چوارەم:** بۆ هەندێك فەرمووده لە سەرچاوەیەك بۆ سەرچاوەیەكی دی، جیاوازیی هەیە، ئەوەم نەكردە گرفت، یەكێك لە دەقەكانم بەپێی لەپێشتربوونی سەرچاوەكە وەرگرتووە: (بوخاری) پێش (موسلیم).. وە هەروەها.

**پێنجەم:** بە پێی توانا، پەندو وانەم لە فەرموودەكان وەرگرتووە. مەرجیش نیە توانیبێتم تەواوی پەندو وانەكانیان لێ دەربهێنم، چونكە فەرموودەكان (جوامع الكلم)ن‌و دەكرێ لەوەش زیاتریان لێدەربهێنرێ.

**شەشەم:** لە وانەو پەندەكاندا مەبەستم بووە كە لایەنی پەروەردەیی تۆخ بكەمەوە. نەچوومەتە وردەكارییە زانستییەكان، مەگەر لە هەندێك كاتی پێویستدا كە ئاماژە پێكردنی لایەنێكی زانستیی پێویست بووبێت.

**حەوتەم:** خۆم لاداوە لە جیاوازیی ڕاو بۆچوونی ڕاڤەكارانی فەرموودە. نزیكترین ڕاڤەم لە ڕوحی شەریعەت‌و واتا قورئانییەكان‌و گونجانی لەگەڵ سەردەم وەرگرتووە.

**هەشتەم:** گرنگترین ئەو سەرچاوانەش كە متمانەم پێكردوون‌و سوودم لێ بینیون، بریتین لەمانە:

(فتح الباری)، (ابن حجر العسقلانی) لە شەرحی (صحیح البخاری). (شەرحی پێشەوا نەوەوی لە سەر ( صحیح مسلم). ( عون المعبود)ی (عبد الرحمن)ی (عظیم آبادي)، لە شەرحی ( سنن أبي داود). (تحفة الأحوذي)، (مباركفوري) لە شەرحی (سنن الترمذي).

**نۆیەم:** دەقە عەرەبییەکانی فەرموودەکانم خاڵنیشان کردووە، سەرو ژێرم بۆ داناون، تا هیچ خوێنەرێك بە هەڵە نەیانخوێنێتەوە، یان بە هەڵە لەبەریان نەکات.

**دەیەم:** فەرموودەی ژمارە (٢٩)ی چاپی مەتنە پێشووەکان، کە بە (یا أیها الناس..) دەستپێدەکات، لەبەر ئەوەی قسەی (عبد الله) کوڕی مەسعود بوو، لام بردو فەرموودەیەکی پێغەمبەرم (ﷺ) خستە جێی کە بە (إن الدين يُسْر..) دەست پێدەکات.

یازدەهەم: لەم چاپەدا واتامان بۆ زاراوەو وشەکانی ناو فەرموودەکان داناوە، بۆ ڕاهێنان لەسەر فێربوونی واتای چەند وشەو زاراوەیەك.

دوازدە هەم: هەروەها بە سێ ڕەنگ دەقی فەرموودە کەو واتای وشەکانو کورتەی مانای فەرموودەکانمان لە لاپەڕەیەکی سەربەخۆدا جیاکردووەتەوە.

سێزدەهەم: هەروەها بۆ هەر فەرموودەیەك ناونیشانێکمان دانا، تاکو خوێنەرو قوتابی بزانن تەوەری فەرموودەکە لەسەر چییە.

هیوادارم خوای گەورە ئەم کارەمان بە پەرستش لێ قبوڵ بکاتو جێی سوودی مسوڵمانان بێت.

عمر عبد العزيز

# فەرموودەی یەکەم

## (دەربارەی گرنگیی فێربوون و فێرکردنی قورئانی پیرۆز)

**عن علي بن أبي طالب (رضي الله عنه) عن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) قال:**

**(خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)[1].**

**واتای وشەکان:**

خَيْرُكُم: چاکترینتان

مَنْ: کەسێك (هەرکەس، نێرینە، یان مێیینە)

تَعَلَّمَ: فێر ببێت

وعَلَّمَهُ: کەسانی تریش فێر بکات

**واتای کورتی فەرموودەکە:**

واتە: چاکترینتان ئەو کەسەیە کە قورئان فێر دەبێ و کەسانی تریشی لێ فێر دەکات.

---

[1] ئەم فەرمودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاري، كتاب فضائل القرآن)، باب: (٢١)، بە ژمارە: (٥٠٢٧) و (٥٠٢٨). (سنن أبي داود، كتاب الوتر)، باب: (١٤)، بە ژمارە: (١٤٥٢). (جامع الترمذي، كتاب فضائل القرآن)، باب: (١٥)، بە ژمارە: (٢٩٠٩). (سنن إبن ماجه، كتاب مقدمة الأحاديث)، باب: (١٠٦)، بەژمارە: (٢١١). ئەم فەرموودەیە سەنەدەکەی (صەحیح)ە.

## پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:

**یە کەم:** مەبە ست لەم فەرموودە یە گرنگ یدانی زۆرە بە فێر بوونو فێرکردنی قورئانو زانستەکانی قور ئانی پیرۆز. چونکە دوو وو شەی (تعلّم)و (تَعْليم) ئەوەیان لێ دەخوێنرێ تەوە. (تعـلّم) وا تە: فێر بوونی عیلم. (تَعْليم) واتە: گەیاندنی عیلم بە کەسانی دی. کەواتە کە و تمان: تە عەللومی قور ئان، وا تە: فێر بوونی قور ئانو زاذ ستەکانی. کە وتیشمان: تەعلیمی قورئان، واتە: گەیاندنی قور ئانو زاذ ستەکانی بە کەسانی دی لە ڕێی فێرکردنیانەوە.

**دووەم:** تە عەللومو تەعلیمی قور ئانی پیرۆز- وا تە: فێر بوونو فێرکردنی ـ تەنها فێربوونی خوێندنەوەی ساکار ناگرێ تەوە. زانا یان لە کوردەواریی ئەوەیان ناو ناوە (ڕە شخوێنیی). چونکە ناگونج ێت چاکترین کە سی ئو ممەتی پێغەم بەر (ﷺ)، کە سێك ب ێت تەنها قورئانخوێن بێ، بەڵام تەنها بە خوێ ندنی سەرزاریی. بۆ یە مەبە ست ئەوەیە کە دەبێت ئەو کەسە موسڵمانێکی شارەزا بێ بە ناوەرۆکی قورئانو حوکمەکانیو پابەندیش بێ بە ڕێنماییەکانیەوە.

**سێیەم:** هەروەها لەم فەرموودە یەدا ئەوەش دەخوێنرێ تەوە کە موسڵمان هەوڵی چاکخوێندنەوەی قور ئانیش بدات، کە بە عەرەبی پێی دەگوتێ (تەجوید)، بەو پێیەی ئەویش یەکێ کە لە زاذ ستەکانی قورئانی پیرۆز.

چوارەم: وشەی (مَنْ..) لە فەرموودەکەدا هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ دەگرێتەوە، ئەمە ڕێسایەکی زمانەوانیی زمانی عەرەبییە.

بە ڕەچاوکردنی سێ خاڵی یەکەمی سەرەوە، ئومێد هەیە کە موسڵمان بچێتە ڕیزی ئەو خاوەن پلە بەرزانە، وا تە: ( تاقمی چاکترینی ئوممەتی ئیسلام)!، بەڵام دیارە زەحمەتی زۆرو لێبڕانی چاکی دەوێ! خوای گەورە یارمەتیمان بداو بمانخاتە ڕیزی ئەو تاقمە سەرفرازە، ئامین.

## فەرموودەی دووەم

## (لەخواترسان‌و چاکەکاریی‌و ڕەوشتجوانیی)

عن أبي ذر (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: قال لي رسول الله (ﷺ): (اتَّقِ اللَّهَ حَيْثُمَا كُنْتَ، وأَتْبِعْ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا، وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ)[٢].

**واتای وشەکان:**

إِتَّقِ: خۆت بپارێزە السَّيِّئَةَ: گوناهی زیانبەخش بە کەسانی دی

الحَسَنَةَ: کاری جوان‌و پەسەند تَمْحُها: دەیسڕێتەوە خُلُق: ڕەوشتگەل

**مانای کورتی فەرموودەکە:**

لە هەر کات‌و حاڵەتێکدا بووی، لە خوا بترسەو پارێزگار بە. هەروەها بە شوێن هەڵەو تاواندا چاکە بکە، تا بیسڕێتەوە. لە گەڵ خەڵکیشدا بە ڕەوشتی جوان هەڵس‌و کەوت بکە.

تێبینی: وشەی (السيئة) زیاتر ئەو گوناهانە ئەگرێتەوە کە زیان بە کەسانی تر دەگەیەنێت، بۆیە بە چاکەکرن بەرامبەر کەسەکە، دەۆرێتەوە. لە کاتێکدا (ذَنْب) بەو گوناهانە دەگوترێت کە گوێنەدانە بە فەرمانی خوا، بۆیە ئەم جۆرەیان بە داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە، دەشۆرێتەوە.

---

[٢] ئەم فەرمودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (جامع الترمذي، كتاب البر والصلة، باب: (٥٥)، بە ژمارە: (١٩٨٧)، بە سەنەدی (صەحیح). هەروەها (حاکم) یش بە فەرمودەیەکی (صەحیح) ی داناوە.

## پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:

ئەم فەرموودەیە سێ ڕێباز لە بەردەمی بڕواداردا دادەنێ:

**یەکەم:** ئاگاداربوون لە چاودێریی خوای گەورە بە سەر مرۆڤەوە، لە هەر کوێو هەرجێو هەر حاڵەتێکدا، بۆ ئەوەی موسڵمان لە هەموو حاڵێکیدا لەخواترسانی پێوە دیار بێو دوور بێت لە دووڕوییو دووفاقەیی، لە هەڵسو کەوتو گوفتارو کرداریدا.

**دووەم:** موسڵمان بە سروشتی لاوازیی مرۆڤ، تووشی هەڵەو گوناه دەبێت، جا بۆ سڕینەوەی ئاسەواری گوناه، باشتروایە پاش پەشیمانی بەدوای هەر هەڵەو گوناهو کەمتەرخەمییەکەیدا، کارێکی چاك بکات، تا ئاسەواری ئەو گوناهە بشۆرێتەوە، ئەمەش لوتفو میهرەبانی خوای گەورەیە لەگەڵ مرۆڤی لاواز.

**سێیەم:** ڕێبازی ڕەوشتجوانیی لەگەڵ هەموو کەس، ڕەوشتجوانیی بە هەموو تاگشتگیرەکانی (ڕەو شت) و ( جوانیی)، لە گەڵ هەموو ئەوانەی وشەی (ناس) دەیانگرێتەوە، لە قسەو گوفتاردا، لە هەڵسو کەوتو کرداردا، لە گەڵ کەسوکاری نزيكو دووردا، لە گەڵ برادەرو هاوەڵدا، لەگەڵ دەرو دراوسێدا، لە گەڵ ناسراوو نەناسراودا، لە گەڵ هاوبیرو ناهاوبیردا.

دەبێ بۆ چاکتێگەیشتن لەم فەرموودەیە موسڵمان هەڵوێستە بکات لەسەر وشەکانی (ناس)، (خُلُق)، (حَسَن)، تا بە هەموو شێوەو فۆڕمو بوارەکانی (ڕەوشت)و (جوانیی) ئاشنا ببێو لەگەڵ هەموو (خەڵکی) شدا بەوجۆرە مامەڵە بکات.

## فەرموودەی سێیەم

## (خۆشەویستیی پێغەمبەری خوا (ﷺ) )

**عن أنس بن مالك (رضي الله عنه) عن رسول الله (ﷺ) قال: (لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَأَهْلِهِ وَمَالِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ)[٣].**

### واتای وشەکان:

لا يؤمِنُ: باوەڕدار نابێت

أحدُكُم: کەسێك لە ئێوە

أحَبّ: خۆشەویست تر

والِدِه: باوکی

ولَدِه: منداڵی

مالِه: سامانی

### مانای کورتی فەرموودەکە

سوێند بەو زاتەی گیانی منی بە دەستە، هیچ کەس لە ئێوە ئیمانی نیە، تاکو من خۆشەویست تر نەبم لە لای لە خۆیو کەسو کاریو هەموو خەڵکیی.

---

[٣] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاري، كتاب الإيمان)، باب: (٧)، بە ژمارە (١٣) و (١٤). (صحيح مسلم, كتاب الإيمان)، باب: (١٧)، بە ژمارە: (٤٥). سەنەدی ئەم فەرموودەیە (صحيح)ە.

**پەندو وانەكانی ئەم فەرموودەیە:**

ئەم فەرموودەیە پلەو پایەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دیاری دە كات لە دڵی موسڵماندا. مەعلو مە كە بڕواو ئی مانی مرۆڤ دانا مەزرێت، تا دوای شایەتیدانی بە فریادڕەسیی‌و فەرمانڕەوایی خوا، شایەتی بدات بە پێغەمبەرایەتی موحەممەد (ﷺ). دیارە ئەم شایەتیدانەش كاتێك هەقی تەواوی دەدرێت، كە موسڵمان ئەو پێغەم بەرەی خۆش بو ێت، خۆشەویستییەك كە پێش خۆشەویستی خودی مرۆڤ خۆی‌و م ندالو باوكی‌و كەس‌وكاری‌و ماڵی‌و سەرجەم خەڵكی بكەوێت.

هۆی ئە مەش ڕوو نە، ئاخر ئە گەر پێغەم بەر (ﷺ) نەبوا یە ئەم بەهرەو نیعمە تەی هیدا یەت چۆن دەگەی شتە ئێ مە؟ بۆ یە خوای گەورەش پێویستی كردووە لە سەر ئو ممەتی ئی سلام كە بە وە فاو نمەكناس بن لە گەڵ ئەو پێغەم بەرەیان‌و درودو سڵاوی بۆ بن ێرن، صەڵەواتی لە سەر بدەن. سڵاوو صەڵەوات ناردن گوزار شتە لەو خۆشەویستییەی لەناخی موسڵماندایە، یان پێویستە بەو جۆرە ب ێت. دەب ێت هە ستی خۆشەوی ستیی ناخی مرۆڤ بەو دو عاو صەڵەوات‌و پاڕانەوانە دەربڕڕێن، كە خوای گەورە پلەوپا یەی ئەو پێغەم بەرە ئەوەندەی تر لای خۆی بەرز بكاتەوە، كە بوو بە هۆی ڕز گاركردنی مرۆڤایەتیی، لە نەفامیی‌و كۆیلایەتیی‌و سەرلێشێواویی.

## فەرموودەی چوارەم

## (پێناسی موسڵمان)

عن عبد الله بن عمر (رضي الله عنهما)، عن رسول الله (ﷺ)، قال:

(الْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ)[٤].

### واتای وشەکان:

المُسْلِم: کەسی موسڵمان (ئەوەی ملی بۆ ئاینی خوا کەچ کردووە)

سَلِمَ: بێوەی بێت

المُسلِمُون: موسڵمانان

لِسانِهِ: زمانی

يَدِهِ: دەستی

### واتای کورتی فەرموودەکە:

موسڵمان ئەو کەسەیە کە موسڵمانان لە زمانیو دەستی بێ وەیو سەلامەت بن.

---

[٤] ئەم فەرمودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاري، كتاب الإيمان، باب: (٤)، بە ژمارە: (١٠)و (١١)و (٦٤٨٤). (صحيح مسلم، كتاب الإيمان)، باب: (١٤)، بە ژمارە: (٤١) و (٤٢). سەنەدی ئەم فەرموودەیە (صحيح)ـە.

## پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:

ئەم فەرموودەیە بەپێی چەند ڕیوایەتێك كە لە (صحيح مسلم) دا هاتوون، لە وەڵامی پرسیارێكدا بووە كە پرسیویانە: (أيُ الإسلام أفضل؟) یان: (أيُ المسلمين أفضل؟) واتە: لێیان پرسی: چ ڕەو شتێکی ئیسلام باشترین ڕەو شتە؟ یان: کام لە موسڵمانان باشترینی مسوڵمانانە؟ مەبەست لە وەڵامەکەش ئەوەیە کە موسڵمانی تەواو ئەو کەسەیە کە موسڵمانانی تر لە زمانو دەستی بێوەی بن.

فەرموودەکە ئەم واتانە دەگەیەنێت:

١ـ دەردەکەوێت کە موسڵمانێتیی تەنها لافلێدانو دروشمێکی گەزاف نیە، بگرە کارو ڕەوشتی بەرزو مامەڵەی جوانە. هەر لە بەر ئەمەیشە زانایان وتوویانە: پاش کارە فەرزو واجبەکان، باشترین کار ـ کە پاداشتی زۆری لەسەر بێت ـ ئەو کارانەن کە خزمەتی خەڵکییان تێدایە، واتە ئەو کارانە لە پەرستشو عیبادەتە فەردیەکان کە موسڵمان بۆ خۆی دەیانکات، باشترنو پاداشتی زیاتریان لەسەرە.

٢ـ دەتوانین بڵێین: ئامانجی سەرەکیی لە زۆرێك لەو عیبادەتانە ـ کە حاڵەتو ڕەنگی تاکەکەسییان پێوەیە ـ بۆ ئەوەیە خاوەنەکەی تاکێکی خزمەتگوزارو چاکەکار بێت لە کۆمەڵگەدا. ئەوە نیە لە باسی سوودی نوێژدا ـ کە پەرستشێکی نێوان بەندەو خوایە ـ قورئان

دەفەرموێت: (إن الصلاة تنهى عن الفحشاء والمنكر)، واتە: بە ڕا ستی نوێژ، مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە هەموو ڕەفتارێکی قێزەونو ناپەسەند.

٣ـ زیانگەیاندنی دەستیش زۆرنو چەندین شێوە دەگرنەوە، وەك: دەستوەشاندنو لێدان، گرانفرۆشیی لە کێشانەو پێوانەدا، هەموو جۆرەکانی غەشکردنو فرتو فێڵ، ئازاردان بە ئۆتۆمۆبێل، یان هەر هۆکارێکی تری گواستنەوە، بریندارکردنی ئەندامێك، ترساندن بە چەك، یان چەقۆ، یان هەر ئامرازێکی تری ترسێنەر، دزیکردن، داگیرکردن، زیانگەیاندن بە سامانی کەسێك، یان سامانی گشتیی، دەسکاریی ئەمانەتو سپاردە، گلدانەوەو ڕاگیرکردنو زیندانکردنی ناڕەواو نایاسایی‌و.. هتد.

٤ـ زیانەکانی زمانیش زۆرن، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

هەڕەشە، جوێنو سووکایەتیی، شکاندنو تەریقکردنەوە، پلارو توانجدان، ناووناتۆرە، درۆکردن، بەڵێنی ناڕاست، ناوبردنی پاشملە، بوختانهەڵبەستن، شایەتیی ناڕاست، سوێندی ناهەق، مەزاتکردنی درۆ، درکاندنی نهێنیی بە ناهەق، عەیب‌وعار هەڵماڵین، قسەگۆڕین.. هتد.

بە پێی واتاو دیلالەتی فەرموودەکە ـ بە تایبەتی کە وشەی (سەلامەت) دەیگەیەنێت ـ مرۆڤی بڕوادار دەبێت لەم جۆرە تاوانانەو هاوشێوەکانیان دوور بێتو تەنها لە ئاوا کاتێکیشدا شایستەیی نازناوی (موسڵمانێتیی) پێ ڕەوا دەبینرێت.

## فەرموودەی پێنجەم

## (دۆعای پاشملەی موسڵمانان بۆ یەکتر)

عن أم ا لدرداء (ر ضي الله عن ها) قا لت: قال ر سول الله (ﷺ):

(دَعْوَةُ الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ لِأَخِيهِ بِظَهْرِ الْغَيْبِ مُسْتَجَابَةٌ، عِنْدَ رَأْسِهِ مَلَكٌ مُوَكَّلٌ، كُلَّمَا دَعَا لِأَخِيهِ بِخَيْرٍ، قَالَ الْمَلَكُ الْمُوَكَّلُ بِهِ: آمِينَ، وَلَكَ بِمِثْلٍ)[٥].

**واتای وشەکان:**

دَعْوَةُ: بانگێشتکردن — المَرْء: مرۆڤ

ظَهْرِ الغَيْب: پاشملە — مُسْتَجابَة: وەرگیراوە

مَلَك مُوكَّل: فریشتەی ڕاسپێردراو

**واتای کورتی فەرموودەکە:**

دو عای مرۆ ڤی مو سڵمان بۆ برا(و خو شك)ی مو سڵمانی، لە پاشم لە، لای خوا وەرگیراوە. لای سەری ئەو کە سە، فرید شتەیەك ڕا سپێرراوە، کە هەر کات دو عای خ ێری کرد بۆ برا کەی، یان خوشکەکەی، فریشتەکە دەڵێت: ئامین.. (وا تە خوا یە! ئەم دوعا یە وەر گرە)، یاخوا وێ نەو هاو تای ئەو دوعا یەش، خ ێر بۆ خۆت بنووسرێت.

---

[٥] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح مسلم، كتاب الذكر والدعاء)، باب: (٢٣)، بە ژمارە: (٢٧٣٣). (سنن ابن ماجه، كتاب المناسك)، باب: (٢٥) بە ژمارە: (٢٨٩٥)، بە سەنەدی (صحيح).

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

١ــ ئەم فەرموودەیە بەرزیی‌و پلەوپا یەی برا یەتیی‌و خو شکایەتیی ذ یۆوان مو سڵمانان دەردە خات، بە ڕادە یەك کە فریِ شتەیەکی ڕا سپاردوە، تا ئەو دوعایا نەی مو سڵمانان بۆ یەکتری دە کەن، بگەیەنێتە لای خواو لەگەڵیشیا (ئامین) بکات‌و بڵێت: خوا یە! دو عای ئەم مو سڵمانە وەر گرە، کە بۆ برا کەی، یان خو شکەکەی دە کات، هاووێنەی داواکەشی بۆ خۆی بنوسە.

٢ــ ئەم خەڵاتەی خوا بۆ موسڵمانان بەهرەیەکە بۆ ز یادکردنی ڕادەی برایەتیی‌و خۆشەویستیی‌و پتەوکردنی دۆستایەتیی.

٣ـ تێبینی: لەم جۆرە فەرموودانەدا کە دەگوترێ: برای دینیی، ئافرەت‌و خوشکانیش دەگرێتەوە، چونکە بە پێی ڕێسا زمانەوانییەکانی ز مانی عەرەبی، ئەو دە ستەواژانە لە ڕووی زۆر بەکارهێنا نەوە بەکاردێن‌و پێی دەڵێن (تەغلیب)، واتە لەبەر بەکارهێنانی زۆر، یەکێکیان بەکار دێت. بۆیە ئەو حوکمە بۆ هەموو موسڵمانانە، پیاو بۆ ژن‌و پیاو، ژن بۆ خوشك‌و برایانی، یان ژنان بۆ خوشکانی دینیی بە جیا، وە هەروەها.

٤ــ نهێنیی ئەم پاداشتە گەورەیە لەوەدا یە، کە مو سڵمان کاتێك لە پاشملەو دوور لە چاوی خۆی، دوعای خێر بۆ براو خوشکانی دە کات، دڵ سۆزییەکی زۆری پ یۆوە د یارەو دوورە لە ئە گەری ڕووپا مایی‌و ڕیاکاریی‌و مەرامی تایبەت.

## فەرموودەی شەشەم

## (بەشێك لە ئاكارەكانی موسڵمان)

عن عبد الله بن مـسعود (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): (لَيْسَ الْمُؤْمِنُ بِالطَّعَّانِ وَلَا اللَّعَّانِ وَلَا الْفَاحِشِ وَلَا الْبَذِيءِ)[٦].

**واتای وشەكان:**

الطَّعّان: ئەو كەسەی زۆر تانەو تەشەر دەدات.

اللَّعّان: ئەو كەسەی نەفرینو لەعنەتی زۆر دەكات.

الفاحِش: كەسی جوێندەر.

البَذِيء: كەسی دەمپیس.

**واتای كورتی فەرموودەكە:**

**بڕوادار، تانەو تەشەر لێدەر، لەعنەتو نەفرینكار، جوێندەرو دەمپیس نیە.**

---

[٦] ئەم فەرمودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (مسند أحمد بن حنبل), لە (مسند)ی عبد الله بن مسعود، بە ژمارە: (٣٨٣٩). (جامع الترمذي، كتاب البر والصلة)، باب: (٤٨)، بە ژمارە: (١٩٧٧)، بە سەنەدی (حسن غريب)، بەڵام (حاكم) بە (صحيح)ی داناوە. پێشەوا (بوخاری)ش لە (تاريخ)ەكەیدا هێناویەتی. هەروەها: (صحيح ابن حبان, كتاب الإيمان)، باب: (٤)، بە ژمارە: (١٩٢).

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

**یەکەم:** مەبەست لە (طعّان) ئەو کە سەیە  کە تا نەو تە شەری زۆر لە خەڵکی دەداتو نا تەواویی‌و  عەیب‌و عار یان دەڵ یێت. (لـ عّان)یش  بە هەمان جۆر ئەو کەسەیە کە لەع نەت‌و  نەفرین  بە زۆر یی  بۆ  خەڵکی دەنێرێت.  هەردوو وو شەی (ط عّان)و (لـ عّان) ز یادە وا تا دەگە یەنن‌و (صیغە مبالغە)ن.

مەبەست لە (فاحش)یش ئەو کەسەیە کە جنێوی پیس‌و ناشای ستە بە خەڵکی دەداتو عەیبەو ناتەواویی  خەڵکی هە ڵدەماڵێت. مەبە ست لە و شەی (  بذيء)  کە  ئەویش ( صیغە مبال غە)  یە – کە سی دەمپیس‌و ڕەوشت چەوتە، واتە هەم بە زار، هەم  بە ڕەف تار، ئازاری خەڵکی دەدا.

**دووەم:** مەبە ست  لەم فەرموودە  یە ئەوە  یە  کە  لە مەر جەکانی تەواوبوونی موسڵمانێتی دەمپاکی یە، پارا ستنی زما نە  لە جوێ ندان، تانەو تەشەرو توانجدان و، هەموو قسەو گوفتارێکی ناشایستە.

**سێیەم:** زۆر کەس لەع نەت‌و  نەفرەت دەن ێرن  بۆ کە سانی  تر، بە تایبەتی لە کاتی توڕەبوو ندا، ئەوە گو ناهێکی گرا نەو، فەرموودەی تری زۆر هەن کە داوا دەکەن موسڵمان لەعنەت لە کەس نەکا، چونکە لەع نەتکردن وا تای داوای بێ بەری کرد نی  ئەو کە سەیە  لە  سۆزو ڕەحمەتی خوا، کە کەس ئەم مافەی نیە.

## فەرموودەی حەوتەم

## (دەربارەی ڕێزی میوانو صیلەی ڕەحمو کەم قسەیی)

عن أبي هريرة (ﷺ) قال: قال رسول الله (ﷺ): (مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ باللّه وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيَصِلْ رَحِمَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ)[٧].

**واتای وشەکان:**

اليومِ الآخِر: ڕۆژی دوایی.

فَلْيُكْرِمْ: با ڕێز بگرێت.

ضَيْفَهُ: میوانەکەی.

لِيَصْمُتْ: با بێدەنگ بێت.

**واتای کورتی فەرموودەکە:**

هەر کەس بڕوای بە خواو ڕۆژی دوا یی هە یە، با ڕ ێزی م یوانی بگرێت. هەر کەس بڕوای بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە، با صیلەی ڕەحم بەجێ بێنێتو هاتوچۆی خزمو نزیکانی بکات. هەرکەس بڕوای بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە، با قسەی چاك بکات یان بێدەنگ بێت.

---

[٧] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخارى, كتاب الأدب)، باب: (٨٥)، بە ژمارە: (٦١٣٨)و چەندین جێی تری هەمان سەرچاوە. هەروەها (صحيح مسلم), كتاب الإيمان، باب: (١٩)، بە ژمارە: (٤٧) و (٤٨) بە کەمێك جیاوازییەوە. سەنەدی ئەم فەرموودەیە (صەحیح)و دروستە.

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

**یەکەم:** ئەم فەرموودەیە فێرمان دە کات کە بڕوا بوون بەخواو ڕۆژی دوایی، بۆ ئەوەیە مرۆڤ ڕەوشتو خووی چاك بـێت، بۆ یە لە هەر سێ بەشی فەرموودەکەدا بیری مو سڵمان دەخا تەوە کە ئە گەر باوەڕی بەخواو پاشەڕۆژ دروستو ڕا ستە، دەبـێت لە گەڵ مـیوان بەڕێز بێو هاتو چۆی خز مانی بـکاتو لە قـسەو گوفتاریـشیدا با قـسەی چاك بکات، یان بێدەنگ بێت.

**دووەم:** لە مەسەلەی (صیلەی ڕەحم)دا:

١ـ پێویستە ئەوە بزانین کە موسڵمان دەبێ بێ بەرامبەر هاتو چۆی خزمانی بـکات، وا تە: نا بێ چاوەڕوانی سوپاسو پێزانیـنی خز مانی بکات، یان بەرامبەر سەردانەوەی ئەوان سەردانو هاتو چۆی د یاری بـ کات. زۆر کەس لە مەدا بەهە ڵەدا چوون، پێغەم بەر (ﷺ) لە فەرموودەی تردا فەرموویەتی: (**صِلْ من قَطَعَك**) واتە: بچۆ بۆ لای ئەو خزمەی کە لێت دابڕاوەو نایەت بۆ لات، دیارە ئازا یەتییو گرنگییە کە لەمەدایە، وەگەرنا منەتی چیە بچیتە لای خزمێك کە دێتە لات؟

٢ـ دیارە حیکمەتەکەشی ئەوە یە کە لە هەموو حاڵەتەکا ندا نابـێت شیرازەی کۆمەڵایەتیی نێوان خزمانی نزیك بپچڕێت. !

٣ـ لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەم حوکمە ـ وا تە واجب بوونی پاراستنی صیلەی ڕەحم ـ پەیوە ندیی بە خزما نەوە هە یە، نەوەك

دۆستانو برادەرانو.. هتد. واتە: ئەوە باس لە خزمە، کە دەبێت هەر بچیتە لای، ئەو بێتە لات، یان نەیەتە لات، نەك کەسانی تر.

٤ـ خزمان بریتین لەمانەی خوارەوە:

باوكو دا يكو بەرەو ژوور، کوڕانو کچان بەرەو خوار، برا یانو خوشکانو منداڵانیان، مامو ئامۆزاو بەرەو خوار، خاڵو خاڵۆزاو بەرەو خوار، پورو پورزاو بەرەو خوار. ئەمانە هەموو ئایەتی ﴿وأولوا **الأرحام** بعضهم أولى ببعض﴾ دەیانگرێتەوە.

٥ ـ مەبەست لە پەیوەندی ڕەحم تەنها سەردان نییە، بەڵکو هەموو بەسەرکردنەوەو خوێندنەوەیەکە کە لە ڕووی نەریتی کۆمەڵایەتییەوە پەسەندە، وەك: سڵاوناردن، پیرۆزبایی بۆنەکان، دیاریی بەخشین، بەشداریی شاییو شادییو خۆشییەکان، بەشداریی پرسەو ناخۆشییەکان، پرسینەوە لە کاتی قەرزارییو ناساغییو تەنگانە، دەعوەتکردن، پێدانی سەرفیترەو زەکات بە نەدارانی خزم، قەرزپێدان.. هتد.

**سێیەم:** هەروەها ئەم فەرموودەیە فێرمان دەکات، کە هەرکات مرۆڤ ویستی قسە بکات، بیرێك بکاتەوە، جا قسە بکات. هەرکات زانی قسە لە بێدەنگیی باشترە، قسە بکات، هەرکاتیش زانی بێدەنگیی لە قسەکردن باشترە با بێدەنگ بێت.

ئەم فەرموودەیە یەکێکە لە نموونەی ئەو فەرموودانەی مەسەلە بڕواییو ئیمانییەکان، گرێ دەدات بە ڕەوشتو هەڵسو کەوتەوە.

## فەرموودەی هەشتەم

## (تاوانی قسەچنیی و قسەهێنان و بردن)

(هـ مّام) کوڕی ( حارث) دەڵێت: لە گەڵ (حذیفة) لە مزگەوتدا دانیشتبووین، پیاوێك هات لە گەڵمان دانیشت. یەکێ بە (حذیفة)ی ووت: ئەم پیاوە قسەچنیی دەکات، قسە کۆ دەکاتەوەو دەیگێڕێتەوە بۆ پیاوانی دەسەڵات، (حذیفة)ش بە دەنگی بەرز وتی: گوێم لە پێغەمبەر بوو (ﷺ) فەرمووی: (لا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ قَتَّاتٌ)[8].

**واتای وشەکان:**

لا يَدْخُلُ: ناچێتە ناوی.

الجَنَّة: بەهەشت.

قَتّات: قسەچن: ئەو کەسەی گوێ زۆر هەڵدەخات بۆ قسەی خەڵك.

**واتای فەرموودەکە بەکورتی:**

ئەو کەسەی کە گوێ بۆ قسەی خەڵکی هەڵدەخاو قسە چنیی دەکات، ناچێتە بەهەشتەوە. (مەبەستی بوو کە ئەو پیاوە گوێی لێ بێت).

---

[8] ئەم فەرمودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاری, كتاب الأدب)، باب: (٤٩)، بە ژمارە: (٦٠٥٦) و (٢١٦). (صحيح مسلم, كتاب الإيمان)، باب: (٤٥)، بە ژمارە: (١٠٥).

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

١ـ ئەم فەرموودە یە ـ وەك لە هۆ کاری وتنەکە شیدا دەردە کەوێت ـ مەترسیی قسەچنیی‌و ق سەهێنان‌وبردن دەردە خات، کە یەکێ کە لە ئافەت‌و بەڵاکانی زمان. بەشە زۆر خراپەکەی ئەم عادەتە ئەوە یە کە یەکێ بە یەکێ بڵێت: دەر بارەی تۆ واو وا دە ڵێن! یان بچێتە لای کاربەدەست‌و دەسەڵاتدارێك‌و ماستاوچێتیی بۆ بکات، بە مەبە ستی خۆلێنزیکردنەوەی..

ئەم ڕەف تارە چەوتە هۆ کارێکی تێ کدانی ڕ ێزو خۆشەوی ستیی‌و تەبایی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیە، بۆیە بە توندیی ڕەت کراوەتەوە.

٢ـ لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێ: (لا یدخل الجنّه نمّام)، وا تە: ئەو کە سەی ق سە لەناو خەڵك یدا دێ نێ‌و دە بات، نا چێتە بەهە شتەوە. ( نمّام) و (ق تّات) هەردووکیان واتاکانیان لە یە کەوە نزیکن. بەڵام (نمّام) ئەو کەسەیە بە نیازی تێکدانی نێوان دوو کەس، قسەی خراپ دێنێ‌و دەبات، (قتّات)یش ئەو کەسەیە کە گوێ هەڵدەخاو قسە چنیی دە کات، لە هەر کوێ‌و هەر کەس شتێکی بی ست، دەیگ ێڕێ‌و دەیگێڕێتەوە، ڕەنگە هیچ مەبەستێکیشی نەبێت.

٣ـ زانایان ئەم گوناهەیان بە یەکێك لە گونا هە گەورەکان (الکبائر) داناوە، تەنا نەت پێ شەوا بو خاری لە ( صەحیح)ەکەیدا با سێکی بۆ تەرخان کردووە بە ناوی: (باب النمیمة من الکبائر).

## فەرموودەی نۆیەم

## (ڕەحمکردن بە منداڵانو ڕێزگرتن لە بەساڵاچووان)

ئەنەسی کوڕی مالك دەڵێ: پیاوێکی پیر هات، ویستی بچێتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، خەڵکەکە بە سستیی لە گەڵی جووڵا نەوەو بەخێرایی ڕێیان بۆ نەکردەوە، پێغەمبەر (ﷺ) □ کە ئەوەی بینی – فەرمووی: (لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يَرْحَمْ صغِيرَنَا، وَلَمْ يُوَقِّرْ كَبِيرَنَا)[٩].

**واتای وشەکان:**

لَيْسَ مِنَّا: لە ئێمە نیە.

لَمْ يَرْحَمْ: ڕەحم نەکات.

صَغِيرَنا: بچووکی ئێمە.

لَمْ يُوَقِّرْ: ڕێزنەگرێت.

كَبِيرَنَا: گەورەو بەتەمەنمان.

**واتای کورتی فەرموودەکە:**

لە ئێمە نیە (واتە لەسەر ڕەوییەی پێغەمبەرو ئوممەتی ئیسلام نیە)، کەسێك بۆ بچووکی ئێمە سۆز نەنوێنێو ڕێز لە (کەسی) گەورەو بەتەمەنیشمان نەگرێت.

---

[٩] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (جامع الترمذي, كتاب البر والصلة)، باب: (١٥)، بە ژمارە: (١٩١٩). نمونەشی (مسند أحمد)دا بە ژمارە: (٢٣٢٩) هاتووە. ئەلبانی دەڵێت: سەنەدی ئەم فەرموودەیە (صەحیح)ە.

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

**یەکەم:** سەرەتای فەرموودەکە کە دەفەرموێ: (لە ئێمە نیە)، واتە لەسەر ڕەوییەو ڕێبازی پێغەمبەر (ﷺ) نیە، نەك بەو واتایەی لە دین دەرئەچێ، بەڵکو یانی: لەو کارەیدا لە ڕێبازو سوننەتی من لایداوە.

**دووەم:** لەم فەرموودە یەدا بە شێك لە مافی مندالْ دەردە کەوێ، پێغەمبەر (ﷺ) هانی موسڵمانان دەدات کە بە سۆزو میهرە بان بن لەگەڵ منداڵدا.

**سێیەم:** هەروەها داوا دەکات کە ڕێز لە پیرو بەساڵا چووان بگیرێو شکۆو ویقار یان بپارێزرێ، چونکە لە تەمەنی پیریدا مرۆڤ زیاتر پێویستی بە هاوکارییو ڕێزلێنان هەیە.

**چوارەم:** (ڕەحم) لە زمانی عەرەبیدا واتای قووڵی هەیە، هەموو سوودپێگەیاندنو زیانلادانێك دەگرێتەوە. واتە: دەبێت بەرامبەر بە منداڵ، هەرچی بە قازانجییەتی دەستەبەر بکرێت، بە قازانجی جەستەی، یان گیانی، یان عەقڵی، هەرچیش زیان بە جەستەی یان گیانی یان عەقڵی دەگەیەنرێت، لێی لادرێت. واتە هەموو ئەو شتانەی دەچنە خانەی مافەکانەییەوە.

**پێنجەم:** (وەقار)یش دەرهەق بە پیرو بە ساڵا چووان واتاو نیشانەی وردی هەیە، واتە: پاراستنی حورمەتی، ڕێزلێگرتنی، بەگوێکردنی، پێشنەکەوتنی، سەنگینیی ڕاگرتنی، یارمەتیدانی لەکاتی پێویستیی..

ئەم فەرموودەیە یەکێکی ترە لەو فەرموودانەی تەئکید دەکەنەوە لەسەر گرنگیی‌و بایەخی ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکان لە ئیسلامدا، بۆیە پیریی‌و بە ساڵاچوون خۆی بۆ خۆی بە ئیعتبارو پێوەرێکی تایبەت دادەنێ، کە بە داخەوە لەم سەردەمەدا زۆرجار لە بیر دەکرێت.

## فەرموودەی دەیەم

## (بەشێك لە ئاكاری موسڵمانان لەگەڵ یەكتردا)

عن أنس بن مالك (رضي الله عنه) قال: سمعتُ رسول الله (ﷺ) يقول: (لا تَبَاغضُوا، ولَا تَقَاطَعُوا، وَلَا تَحَاسَدُوا، وَلَا تَدَابَرُوا، وَكُونُوا عِبَادَ اللَّه إِخْوَانًا)[١٠].

**واتای وشەكان:**

لا تَبَاغَضُوا: ڕقتان لەیەكتر نەبێت.

لا تَقَاطَعُوا: پەیوەندیی نێوانتان مەپچڕێنن.

**لا تَحَاسَدُوا:** ئیرەیی بە یەكتر مەبەن.

**لا تَدَابَرُوا:** پشت لەیەكتریی مەكەن.

**واتای كورتی فەرموودەكە:**

یەكتری مەبوغزێنن (ڕقتان لە یەكتر نەبێت). پەیوەندیی نێوانتان مەپچڕێنن. ئیرەیی و حەسودیی بە یەكتر مەبەن. پشت لە یەكتریی مەكەن، (ئاگاتان لە یەكتر بێت)، هەمووتان بەندەی خواو برای یەكتریی بن.

---

[١٠] ئەم فەرمودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاری, كتاب الأدب)، باب: (٥٧)، بە ژمارە: (٦٠٦٥). (صحيح مسلم, كتاب البر والصلة)، باب: (٧)، بە ژمارە: (٢٥٥٩).

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

ئەم فەرموودە یە چوار دەردی کو شندەی ن ێو کۆمەڵ گەمان بیر دەخاتەوەو داوامان لێدەکات لێیان دوور بین:

١ــ یەکتر بوغزاندن‌و ڕق لە یەکتر بوون، لەجێی ڕێزو خۆشەویستی.

٢ــ لەیەك دابڕان‌و پچڕاندنی پەیوە ندیی برایا نەو دۆ ستانە، لە ج ێی گەرمکردنی پەیوەندییەکان.

٣ ــ ئیرە یی‌و حە سودی بە یەکتری بردن‌و خواز یاربوونی نەمانی نیعمەتی بەرامبەرو چاوبڕینە بەهرەو تواناو هەبوونی یەکتر، لە ج ێی دڵخۆشبوون بە یەکترو حەزکردن بە دارابوون‌و بەهرەمەندیی یەکتر.

٤ــ پشت لەیەککردن‌و گوێنەدان بە یەکتر، لە ج ێی بەدەمەوە چوون‌و شاندانە بەر ئەرکی یەکترو پشتیوانیکردنی یەکدی.

ئەم فەرموودە یەش گۆ شەیەکی تری ڕەهە ندە کۆمەڵایەتییە کەی کۆمەڵگە تۆخ دەکاتەوە.

دوابەداوی ئەم چوار داوا یە، دوو ڕێ سای گ شتیمان دەخا تە پێش چاو، کە ئەگەر ڕەچاو بکرێن مرۆڤ لە هەموو ڕوویە کەوە بەهرەمە ند دەبێ‌و تەواوی ئاکارو ڕەوشتە بەرزەکانی تێدا دێتە جێ:

**یەکەم:** خۆ دەربازکردن لە نۆکەریی‌و بەندەیی غەیری خوا، لە خوا درۆینەکان، لە مرۆڤە خۆ بەهاوەڵدانەرەکان، یان هەر شتێکی تر کە

له ج ێی خودا داده نرێو مرۆڤ دەبێ تە ژێر چەپۆکەی، کە ئەو خۆدەربازکردنە گەورەترین جاڕنامەی ئازادیی مرۆڤە.

ئەمە واتای دروستی (کونوا عباد الله)یە، بە بەندەبوونی خوا، یانی ئازادیی تەواو بۆ مرۆڤ ، چونکە کە مرۆڤ بوو بە بەندەی **هێزی ڕە های** بوو نەوەرو بەدیهێ نەری گێ تی، ئیتر ئەو دەبێ تە سەروەریی ئەو بوونەوەرەو خواش ئەمەی بۆ خوازیار بووەو پێی ڕەوا بینیوە، بەڵکو خۆی بۆی بڕیار داوە (جعلكم مستخلفين فيه).

**دووەم:** بوون بە برای یەکدی، دروشمی دووەمی مو سڵمانێتییە پاش بوونە بەندەی خوا. کاتێ مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەیە کدا بوو نە بە ندەی خوا، هەموو ڕاستەوخۆ دەبنە برای یەکتریش، برا یەتی لە ژێرسایەی فراوانی یەکتاپەرستییو خواناسیدا.

## فەرموودەی یازدەهەم

## (نیشانەکانی کەسی دوو ڕوو)

عن أ بي هر يرة (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قال: قال ر سول الله (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (آ يَةُ الْمُ نَافِقِ ثَلَاثٌ: إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ، وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ)، [11] وفي روا ية: (وَإِذَا خَاصَمَ فَجَرَ).

**واتای وشەکان:**

آية: نیشانە. المُنافِق: دوو ڕوو.

حَدَّثَ: قسەی کرد. كَذَبَ: درۆی کرد.

وَعَدَ: بەڵێنی دا. أَخْلَفَ: نایباتە سەر.

أُؤْتُمِنَ: سپاردەی لا دانرا. خَانَ: دەستپیسی دەکات.

**واتای کورتی فەرموودەکە:**

نیشانەی کەسی (دوو ڕوو) سێ شتە: کاتێ قسەی کرد درۆ دەکات. کاتێ بەڵێنی دا نەیباتە سەر. کاتێ سپارەدەی لا دانرا خیا نەتی تێدا بکات.

[11] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاری, كتاب الأمان)، باب: (٢٤)، بە ژمارە: (٣٤) و (٤٥٩) و (٣١٧٨). (صحيح مسلم، كتاب الأمان)، باب: (٢٥)، بە ژمارە: (٥٩).

## پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:

**یەکەم:** ئەم فەرموودەیە ئاماژە بە هەندێك لە نیشانەکانی دووڕووەکان دە کات، وەك درۆ کردن، بەڵێن شکاندن، دەسپیسیی لە سپاردەو ئەمانەت. لە هەندێ فەرموودەی تردا غەدر لە پەیمان، هەروەها (بەدکاریی لە کاتی دژایەتی کەسێکدا)، خراوەتە سەر ئەم ڕەو شتەو نیشانانە. زانایان دە لێن: "مەبەست ئەوە یە هەر کەس بە زۆری ئەمانەی تێدا بێت، ئەچێتە ڕیزی دووڕووان، نەك ئەو کەسەی جاروبار تووشی ئەو ڕەفتارە چەوتانە دەبێت".[١٢] بەڵام هەرکەس بە بەردەوام ئەو ڕەفتارانەی هەبوو، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە دوو ڕووە، چونکە ناگونجێ موسڵمان بەردەوام درۆزن، بەردەوام بەڵێن شکێن‌و هەمیشە دەسپیس‌و ناپاك‌و بەدکردار بێ.

هەندێکی تر لە زانایان پێیان وایە کە پێغەمبەر (ﷺ) ویستوویەتی موسڵمانان ئاگادار بکاتەوە لە ڕەفتاری دووڕووەکانی سەردەمی خۆی، وەك هۆ شیارییەکی کۆمەڵا یەتیی و سیا سی، تا خۆ یان لە شەڕو بەدکارییان بپارێزن، بە بێ ئەوەی ناویان ببرێ‌و ناویان بزڕێنرێ.

**دووەم:** نهێنییەکی ئەم فەرموودە یە ئەوە یە کە ئا ماژە دە کات بە ( سێ پا یە)ی دیـ نداریی‌و تێك چوونی هەر سێکیان د یاری دە کات: پا یەی (ن یەت) بە پەیمان شکاندن. پا یەی (ز مان) بە درۆ کردن!

---

[١٢] سەیری (شرح النووي على صحيح مسلم) بکە، لە ڕاڤەی فەرموودەکەدا.

پا یەی ( کردار) بە دەسپیسی. لێرە شەوە دەردە کەوێ کە هەموو قسەی پێغەمبەران و حەکیم و صالحانی مێژوو، دەگەڕێنەوە یەک سەر چاوە، کە سەر چاوەکەی ( هەدی)ی خوایە، ئەمە هەمان ئاماژەکەی (زەردەشت)ە کە وەك پایەکانی ڕەوشت ناویان دەبات:

١- نیازی پاك ٢- گوفتاری پاك ٣- کرداری پاك.

**سێیەم:** وانەیەکی تری گرنگی ئەم فەرموودەیە ئەوەیە کە فێرمان دەکات هەمیشەو لەگەڵ هەموو کەس، دادگەرو هەقڕەو بین، لەو بەشەدا کە ڕستەی (وإذا خاصم فجر)ی تێدایە، فێرمان دەکات کە - تەنانەت- لە کاتی ناکۆکیی‌و دژایەتی کەسێکیشدا، ئاگامان لە دادو هەقبێژیی بێ‌و لێی لانەدەین. واتە ئەم پێغەمبەرە سەردارە (ﷺ) تەنانەت بۆ کاتی ناکۆکیش ئادابو سنورو مەرج‌و چۆنییەتی داناوە، کە بەڕاستی ئەم خاڵە هەڵوێستە لەسەرکردنی دەوێ. (وإذا خاصم فجر)، واتە: نیشانەیەکی تری دووڕوەکان ئەوەیە کاتێك کە ناکۆکیی لەگەڵ کەسێك دەبێت، زیاد لەحەد لەسنور دەردەچێ‌و هیچی تێدا ناهێڵێتەوە. لە کوردەواریش کە دەگوترێ: (لە کاتی شەڕدا ئاگات لە ئاشتی بێ)، هەر لەم فەرموودەیە وەرگیراوە.

## فەرموودەی دوازدەهەم

## (پاداشتی پۆشینی عەیبوداری خەڵکیی)

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): (لَا يَسْتُرُ عَبْدٌ عَبْدًا فِي الدُّنْيَا، إِلَّا سَتَرَهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ).[١٣]

**واتای وشەکان:**

**واتای وشەکان:**

لا يَسْتُرْ: داناپۆشێت.

عَبْد: بەندە.

سَتَرَهُ: دایدەپۆشێت.

يوم القيامة: ڕۆژی دوایی

**واتای کورتی فەرموودکە:**

هەرکەسێك عەیبو ناتەواویی کەسێك لە دنیادا دابپۆشێت، خوا لە پاشەڕۆژدا عەیبو ناتەواویی ئەو کەسە دادەپۆشێت.

[١٣] سەرچاوەی ئەم فەرموودەیە: (صحيح مسلم، كتاب البر والصلة)، باب: (٢١)، بە ژمارە: (٢٥٩٠).

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

ئەم فەرموودەیە با یەخی پۆ شینی نا تەواویی‌و عەیبەی تا کەکانی کۆمەڵگە بۆ یەکتر دەردەخات، وەك یەکێك لە ئا کارە کۆمەڵا یەتیی‌و ڕەوشتییە گرنگەکان، کە لە پ تەوکردنی پەیوە ندیی خۆشەوی ستیی‌و دۆستایەتیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا کاریگەریی زۆری هەیە.

پادا شتی ئەم ڕەو شتە بەرزە ئەوە یە کە خوای گەورە لە بەرامبەرەوە عەیب‌و نا تەواویی ئەو کە سە دەپۆ شێ کە لە دونیادا عەیب‌و ناتەواوی یەکێك لە بەندەکانی خوای پۆشیوە.

خوای گەورە عەیبپۆ شەو خۆشی شی دێ لەو خووە، یەکێك لە صیفەتە بەرزەکانی خوا (ستّار)ە، واتە ئەو زاتەی زۆر عەیبپۆشە.

بە پێچەوانە شەوە هەر کەس عەیب‌و عارێکی پۆ شراوی کە سێك دەربخات، لە پاشەڕۆژدا عەیب‌و ناتەواوی یەکانی دەردە خرێن. ڕەنگە هەندێك جار خوا سزاکەی بخاتە دونیاو هەر لە دونیادا ڕیسوایی بێنێ بەسەر کەسێکی وادا، پەنا بە خوا.

## فەرموودەی سێزدەهەم

## (باشترین ئاکاری موسڵمانییەتی: نانبەخشین‌و سڵاوکردن)

عه بدوڵا کوڕی عەمر ( خوا لێی ڕازی بێت)، دەڵێت: پیاوێك لە پێغەمبەر (ﷺ)ی پرسی: (أيُّ الْإِسْلَامِ خَيْرٌ؟ قَالَ تُطعِمُ الطَّعَامَ، وتَقْرأُ السَّلَامَ علَى مَنْ عرَفْتَ ومَنْ لَمْ تَعْرِفْ)[14].

**واتای وشەکان:**

أي: کام؟

تُطْعِم: خۆراك بدەی.

الطّعام: خۆراك.

مَنْ عَرَفْتَ: کەسێك بیناسی.

مَنْ لمْ تَعْرِفْ: کەسێك نەیناسی.

**واتای کورتی فەرموودەکە:**

چ جۆرە کردەوە یەکی مو سڵمانانە چاکترینە؟ فەرمووی: خۆراك ببەخ شیت، سڵاو بکەیت لەوەی کە دەینا سیت، لەوەش کە نایناسیت.

---

[14] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاري، كتاب الإيمان)، باب: (١٤)، بە ژمارە: (١٢). هەروەها بە ژمارە: (٢٨) و (٦٢٣٦) دووبارە بوونەتەوە. (صحيح مسلم، كتاب الإيمان)، باب: (١٤)، بە ژمارە: (٣٩).

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

ئەم فەرموودەیە بە شێکی تری پا یەکانی پ تەوکردنی پەیوە ندیی کۆمەڵا یەتیی خ ستووەتە ڕوو، وەك نانبەخ شین‌و خۆرا کدان بە هەژاران، لەگەڵ سڵاوکردن لە سەر نا سیاوو نەنا سیاو. گرنگ یی ئەم فەرمووده یە لەوەدا یە کە چەند لا یەنێکی کە سییەتی مو سڵمان ڕەنگڕ یێژدەکات. مو سڵمان ئە گەر ب یەوێ چاکترین ڕەو شتە ئیسلامییەکان بزانێ، ئەمانەن کە لەم فەرموودەیەدا باسکراون:

**یە کەم:** نان‌و خۆراك بەخ شین. بۆ کو شتنی دەردی ڕژد یی‌و چاوچنۆکیی.

**دووەم:** خاکییەتیی‌و (تواضع)، بەدەستپێشخەریی لە سڵاوکردندا، بۆ کوشتنی دەردی فیزو لەخۆبایی بوون.

**سێیەم:** بڵاوکرد نەوەی خۆشەوی ستیی، بە سڵاوکردنی زۆر، بۆ بنبڕکردنی دیاردەی ئیرەیی‌و کینەو ناکۆکیی.

**چوارەم:** درێژەدان بە تەبایی‌و پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ نا سیاوان، بە سڵاوکردنی بەردەوام بۆ گەرموگوڕکردنی دۆستایەتیی‌و برایەتی.

**پێنجەم:** فراوانکردنی بازنەی پەیوەندییە کۆمەڵا یەتیی‌و دۆ ستانەکان لە نێو توێژەکانی کۆمەڵگەدا، بەسڵاوکردن لەوانەی کەنایاننا سی، بۆ ئەوەی بیانناسی‌و ببنە دۆست.

**شەشەم:** ئەم دروشمەی ئیسلام (واتە: سەلامکردن)، مانای (ئاشتی) دەدات، دیارە بە زیادکردنی ئاشتیو ئارامیی، ئولفەتو ڕێزو خۆشەویستی لە کۆمەڵگەدا زیاد دەکات.

## فەرموودەی چواردەهەم

## (بەدەەمەوەبوونی موسڵمانان بۆ یەکتر)

عن سالم، عن أبيه (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) أن رسول الله (ﷺ) قال: (مَنْ كَانَ فِي حَاجَةِ أَخِيهِ كَانَ اللَّهُ فِي حَاجَتِهِ، وَمَنْ فَرَّجَ عَنْ مُسْلِمٍ كُرْبَةً فَرَّجَ اللَّهُ عَنْهُ بِهَا كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ)[١٥].

**واتای وشەکان:**

حاجة: پێداویستیی.

فَرَّجَ: لابەرێت، والآبكات.

كُرْبَةَ: ناڕەحەتیی.

كُرَب: ناڕەحەتییەکان.

**واتای کورتی فەرموودەکە:**

هەرکەس خەریکی دەسبارکردنی پێویستییو نیازمەندیی برا یەکی بێت، خوا کارو باری بۆ جێ بەجێ دە کات. هەر کەس خەمو ناڕەحەتیی یەك لە سەر مو سڵمانێك لا بەرێت، خوا بەو هۆ یەوە ناڕەحەتییەکی ڕۆژی دوایی بۆ لا دەبات.

---

١٥ ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاري, كتاب المظالم)، باب: (٢)، بە ژمارە: (٢٤٤٢). (صحيح مسلم, كتاب البر والصلة)، باب: (١٥)، بە ژمارە: (٢٥٨٠).

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

ئەم فەرموودەیە دوو وانەی گرنگی تێدایە بۆ مرۆڤی بڕوادار:

**یەکەم:** بایەخی هاریکاریی‌و بەدەمەوەچوونی پێداویستیی تا کەکانی کۆمەڵ، لەنێوان یەکتردا، دەخا تە ڕوو، لە گەڵ کاری فریاگوزاریی‌و بەهاناوەچوونی یەکترو هەڵگرتنی تەنگانەو ناڕەحەتیی لەسەر یەکتر.

**دووەم:** ئەوەمان بیردەخا تەوە کە ئەو کارە هەرەوەزیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و ڕەوشتییە جوا نە، ڕێگەی کرا نەوەی دەروازەی سۆزو میهرە بانیی‌و لاکرد نەوەی خوای گەورە شە لە بە ندەکانی. وا تە: هەرکەس بیەوێ خوای گەورە دەرووی لێ بکا تەوەو لە تەنگا نەدا فریای کەوێت، ئەوە لە خەمی براو خوشکەکانیدا بێت. پێداویستییان جێ بەجێ بکات، ناڕە حەتییان هەڵگرێت. پێغەم بەر (ﷺ) بەم ڕەو شتە بەرزا نە وی ستوویەتی پێ گە کۆمەڵایەتی یەکان بەهێزترو پەیوەندی یەکانی تا کەکان بەتینتر بکات، تا لەوێ شەوە پەیوە ندیی لەگەڵ خوای گەورە بەهێز بێ‌و مرۆڤ لە ژێر سایەی ڕەحمەتیدا بژی.

## فەرموودەی پازدەهەم

## (بەشێك لە تاوانە زۆر گەورەكان)

عن عبد الرحمن بن أبي بكرة، عن أبيه، قال: قال النبي (ﷺ): (ألَا أُنَبِّئُكُمْ بِأَكْبَرِ الْكَبَائِرِ؟ (ثَلَاثًا). قُلْنَا: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: الْإِشْرَاكُ بِاللَّهِ، وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ، (وكَانَ مُتَّكِئًا، فَجَلَسَ ﷺ فقَالَ):ألا وَقَوْلُ شَهَادَةُ الزُّورِ.(فَمَا زَالَ يُكَرِّرُهَا، حَتَّى قُلْنَا: لَيْتَهُ سَكَتَ)[١٦].

**واتای وشەكان:**

أُنَبِّؤُكُمْ: ئاگادارتان بكەمەوە.

الكبائر: گوناهە گەورەكان.

عُقُوق الوالِدَيْن: گوێڕایەڵیی نەكردنی دایكو باوك.

كان مُتَّكِئاً: شانی دادابوو.

جَلَسَ: دانیشت.

شَهادَةُ الزُّور: گەواهیدانی درۆو ناڕاست.

يُكَرِّرُها: دووبارەی دەكردەوە.

سَكَتَ: بێدەنگ بوو.

---

[١٦] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاري, كتاب الشهادات)، باب: (١٠)، بە ژمارە: (٢٦٥٤)، هەروەها لە: (٥٩٧٦)، (٦٢٧٣)، (٦٩١٩) دووبارە بووەتەوە. هەروەها لە (صحيح مسلم, كتاب الإيمان)، باب: (٣٨)، بە ژمارە: (٨٧).

## واتای کورتی فەرموودەکە:

پێغەمبەر (ﷺ) سێجار لەسەر یەك فەرمووی: ئایا لە گەورەترینی گوناهەکان ئاگادارتان بکەمەوە؟ وتمان: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خوا. فەرمووی: هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا. سەرپێچی کردنی فەرمانی دا یكو باوك. (لەو کاتەدا شانی دادابوو، هە ستایەوەو دانیشتو فەرمووی): ئا گادار بن! گەواهیدانو شایەتی درۆش. ڕاوییە کە دە ڵێ: هێندە فەرمووی: ئاگاتان لە شایەتی درۆ بێ، تاوەکو وتمان: خۆزگە ئەوەی ئەوەندە دووبارە نەدەکردەوە!.

## پەندو وانەی ئەم فەرموودەیە:

ئەم فەرموودەیە چەند پەندو وانەیەکی لێ وەردەگیرێت:

**یەکەم:** دەری دەخات کە لە ناو گوناه و تاوانە گەورەکاندا، هەندێکیان زۆر گەورەترن، وەك ئەو سێیانەی لێرەدا باسکراون: هاوەڵدانان بۆ خوا، ئازاردانی دایكو باوك، گەواهیدانی درۆو ناڕاست.

**دووەم:** دەری دەخات کە لە نێو جۆری بێ بڕواییەکانیشدا (هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا) لە هەموویان تاوانترە. دیارە مەبەست لە هاوەڵدانان تەنها بتپەرستی نیە، بەشێکی(شیرك)و هاوەڵدانان بۆ خوا ئەوەیە کە کە سێ مل بە شەریعەتی ئیسلام نەداو بەرنامە یەکی تر غەیری بەرنامەی خوا کە دژ بە ئیسلام بێ ــ قبوڵ بکات ــ ئەمە بە شێکە لە

هاوه ڵدانان بۆ خوا، لە لا یەنی حاکم یەتو شەریعەتو بەرنا مەی ژیانەوە، کە لەم سەردەمەدا زۆر کەس تووشی هاتووە..

کەواتە دەبێ مو سڵمان هەم (فەریادڕە سیی) خوای ق بووڵ ب ێت، هەم (فەرمانڕەوایی) خوای گەورە.

**سێیەم:** هەروەها لەم فەرموودەیەوە تێدەگەین کە گەورەترین تاوانی بواری ڕەو شتییو کۆمەڵا یەتیی، ڕەنجا ندنی د ڵی دا یکو باوکو نابەدڵیکردنیا نە. چۆن لە لا یەنی بیرو بڕواوە هاوە ڵدانان بۆ خوا، تاوانی ژمارە یەکە، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، یە کەم تاوانی گەورە ئەوەیە، بۆیە لە تەنیشت یەکدان.

د یارە ڕەنجا ندنی دا یکو باوکیش چەندین نیـشانەی هەن، وەك: ئازاردانی دەروونییان، قسە شکاندنیان، خەرجو نەفەقە نەدانیان، ڕ ێز لێنەگرتنیان، قسە پێ‌گوتنیان، ئازاردانی جە ستەییان، ق سەی ز برو توندو ناشایستەکردن لەگەڵیان.. هتد.

بەداخەوە ئەم تاوانە زۆر گەورەیەش هەندێ جار پێی نازانرێو زۆر کەس تووشی دێو گوێی لێ نیە.

**چوارەم:** پاش ئەوا نە گەورەترین تاوانی ز مان، باس دە کات، کە شایەتیدانی درۆ یە، وا تە درۆکرد نە لە کاتی گەواهییو شایەتیدان لەسەر پرسو کێشەیەك، کە ببێتە هۆی هەق بەنا هەق لەقەڵە مدان،

یان به پێچەوانەوە، بەجۆرێك كە مافی كەسانێكی بێ تاوان تیا بچێ، یان گرفتی بۆ دروست ببێ.

**پێنجەم:** وانەیەكی تر كە لەم فەرموودە یە وەردە گیرێ ئەوە یە كە موسڵمانانی یاوەری پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بە پەرۆش بوون بۆ ئەوەی كە پێغەمبەری خوا ناڕە حەت نەبێ، لە كۆتایی ئەم فەرموودە یەدا كاتێ پێغەمبەر (ﷺ) زۆر دوبارەی كردەوە: ئاگاتان لە شایەتیدانی درۆ بێ، موسڵمانانی كۆڕەكە وتیان: خۆزگە بێ دەنگ دەبوو! بە واتای ئەوەی خۆزگە هێندە ناڕە حەت نەدەبوو، واتە لە بێزاری خۆیان لە دووبارەكردنەوەكانی پێغەمبەر نەبووە ـ وەك هەندێ كەس بە هەڵە وای تێدەگەن ـ بەڵكو خەمخواردنو خۆشەویستییان بووە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)، كە زۆر ناڕە حەت بووە لە تاوانی شایەتی درۆو دووبارەی كردۆتەوە.

## فەرموودەی شازدەهەم

## (دونیا شوێنی مانەوە نیە)

عن ابن عمر (رضي الله عنهما)، قال: أَخَذَ رسول اللهِ (ﷺ) بمنكبي، فقال: (كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ)[17].

**واتای وشەکان:**

مِنْكَب: شان.

غَريب: ئاوارە.

عابر سبيل: ڕێ ڕەو. ڕێگوزەر، کەسێك کە لە سەفەردایە.

**واتای کورتی فەرموودەکە:**

عبد الله کوڕی عومەر ( خوا لێیان ڕازی بێت)، دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) شانی گرتم و فەرمووی: لە دنیادا وەکو غەریبێك یان ڕێبوارێك بژی.

[17] ئەم فەرمودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاري، كتاب الرِّقاق)، باب: (٣)، بە ژمارە: (٦٤١٦). (سنن الترمذي، كتاب الزهد)، باب: (٢٥)، بە ژمارە: (٣٣٣). هەروەها (سنن ابن ماجة)، بە ژمارە: (٤١١٤).

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

**یەکەم:** ئەم فەرموودەیە ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە دونیا ـ هەر چەند واجیبە ئاوەدانی بکەینەوە ـ بەڵام جێی حەسانەوەی هەمیشەیی نیە.

هەموو شتەکان لەم دونیا یەدا کاتین: ژ یان، تە مەن، خۆ شیی، ڕا بواردن، ساماندارییی، پ لەو پا یە، ناو بانگو شۆرەت. هەروەها ناخۆشیەکانی شی هەر کاتین: نەخۆ شیی، ناخۆ شیی، نەدارییو هەژاریی، کزییو زەبونیی..

**دووەم:** بۆ یە دڵبە ستنەوەی یەکجاریی بەم دونیا یەوە، هەڵە یەکی گەورە یە، چونکە ژ یانی یەکجارییو حە سانەوەی هەمی شەییو خۆشیو دارایی نەبڕاوە، لە پاشەڕۆژدایە. لەبەر ئەوە دەبێ مو سڵمان وەك غەریبێك سەیری دونیا بکات، لە بیری بێت کە نیشتمانێکی تری خۆی هەیە، یان وەك ڕێبوارێك سەیری ئەو ڕێگوزەرە بکات، کە پێ یدا تێ دەپەڕێت. هێندە دڵیان پێ خۆش بکات کە کەڵکی سەفەرەکەی، یان نیشتمانە ڕاستییەکەی بخوات. هێ ندە تۆ شەو بار بدات بە سەر شانی خۆیدا کە پێویستییەتی، یان پێی هەڵدەگیرێت. هێندە بە دوای خۆشییو چێژەکاندا بگەڕێت، کە نابنە مایەی لە دەستدانی خۆشییو نیعمەتەکانی پاشەڕۆژ.

**سێیەم:** دەبێ ئەوەش بزانین ئەم فەرموودە یە وا تای وازهێ نان لە دونیاو گوێ پێ نەدانی ناگە یەنێت. لە فەرموودەی تردا هاتووە کە

دوزیا کێڵگەی پا شەڕۆژە. پا شەڕۆژ بەبێ دونیا یەکی ئاوەدانکراو، دە ست نا کەوێت. لێرەدا تەنها باس لەوە یە دوزیا بە لانکی هەمیشەیی‌و نیشتمانی یەکجاریی نەزانین، وەك خۆی بیناسین. دوزیا کێڵگەیە، پردەبازە، ڕاڕەوە، مرۆڤی ژیر لە سەر کێڵگە، یان لە سەر پرد، یان لە ڕێڕەودا، کۆشك‌و تەلار هەڵنا چنێ، بەڵکو لە کێڵگەدا تۆشەو تفاقی پێویست بۆ ناو گوند، یان شارەکەی، دابین دەکات!.

**چوارەم:** ئەبێ موسڵمان لە بیری بێت کە خوای گەورە بۆیە کردوویە تە جێنشینی خۆی لە سەزەوی‌و کردوویەتە سەرداری بوونەوەر، تا لە نیعمەتەکانی خوای گەورە لەم دونیایە بەهرەمەند ببێ‌و دونیایان پێ ئاوەدان بکا تەوەو بەو کارەی ( ئەرکی بەندا یەتیی) ڕا ستەقینە جێبەجێ بکات، سەرەنجام ـ کە ئەو ئەرکەی تەواو بوو ـ بگەڕێ تەوە بۆ نیشتمانی هەمیشەیی‌و لە ژێر سایەی پاداشتی خوادا، بۆ هەمیشە بحەوێ تەوە. ئەمە یە ڕێی دەر چوون‌و هۆی نمرەهێنانی بەرز، لە تاقیکرد نەوەی هاتنە دوزیاو سەرفرازیی هەمیشەیی لە دواڕۆژدا. خوای گەورە فەلسەفەی مردن‌و ژیان بەم جۆرە دەنا سێنێ، دەفەرموێ: (الذي خلق الموت والحياة ليبلوكم أيكم أحسن عملا)، واتە: خوا مردن‌و ژیانی بۆ ئەوە بەدی هێناوە، تا تاقیتان بکا تەوەو دەرکەوێ: کامتان چاکترین‌و جوانترین کار ئەنجام دەدەن؟

## فەرموودەی هەڤدەهەم

## (دەربارەی خۆڕاگریی و سوپاسگوزاریی)

عن صهيب (رضي الله عنه)، قال: قال (صلى الله عليه وسلم) :(عَجَباً لِأمْرِ الْمُؤْمِنِ، لا يَقْضِي اللَّهُ قَضاءً إلَّا كَانَ خَيْرًا لَهُ. إنْ أصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ، وإنْ أصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ)[18].

**واتای وشەکان:**

لا يقضي: بڕیار نادات.

قَضاء: بڕیاری خوایی.

ضَرّاء: ناڕەحەتیی و سەختیی.

سَرّاء: ڕەحەتیی و خۆشیی.

شَكَرَ: سوپاسگوزاریی کرد.

**واتای کورتی فەرموودەکە:**

حاڵی بڕوادار زۆر جێی سەرسوڕمانە، خوا هەرچی بۆ بڕیار دەدات بەخێری تەواو دەبێت. ئەگەر ئازارو ناڕەحەتی پێگەیشت خۆی ڕادەگرێو صەبر دەکات، سەرئەنجام دەبێ بە خێر بۆی. ئەگەر خۆشیی و شادییەکیشی پێگەیشت، سوپاسی خوا دەکات، سەرئەنجام ئەوەش دەبێتە خێر بۆی.

---

[18] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح مسلم، كتاب الزهد والرقائق)، باب: (١٣)، بە ژمارە: (٢٩٩٩). (صحيح ابن حبان، كتاب الرقائق)، باب: (٦)، بە ژمارە: (٧٢٨)، (بەشێك لە فەرموودەکە).

## پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:

**یەکەم:** سەرەتا ئەم فەرموودە یە ئەوەمان بیردەخا تەوە کە هەموو کارو فرمانێکی مرۆڤ بە دەستی خوای گەورەیە، واتە هیچ شتێ بە بێ ئاگاییو بڕیاری ئەو ڕوو نادات. بۆیە مرۆڤی موسڵمان، دە بێ تە سلیم بێ بەم ڕاستییە، وا نەزانێ هیچ شتێ لە دەرەوەی بازنەی ویستی خوای باڵادەستە.

**دووەم:** پاش ئەو ڕاستییە دەبێ موسڵمان لەوەش دڵنیابێ کە هەرچی خوا بڕیاری لەسەر بدات ئەوە خێری مرۆ ڤی تێدا یە. چونکە خوای گەورە لە هەموو کارەکانیدا حەکیمو لێزانو کاربەجێ یە، ئا گای لە هەموو نهێنیەکانی گەردوونو بو نەوەرە، با شتر لە مرۆڤ و بەرژەوەندیەکانیو پێداویستییەکانی دەزانێت.

**سێیەم:** لەسەر ئەو بنەمایە هە ندێ جار بە زیانو ئازارێك مرۆڤ لە زاخاو دەدات، کە پێویستە خۆڕاگرو صابر بێت لەسەری، دڵنیا بێ بۆ پاککردنەوە یەتی لە هە ندێ خەوشو خاڵ، جا ئە گەر وای زا نیو خۆڕاگر بوو، دوو قازانج وەر دەگرێ: هەم لەو خەوشو خا ڵە ڕز گاری دەبێت، هەم تووشی خێرو پاداشتی پاشەڕۆژیش دەبێت.

**چوارەم:** هەندێك جاری تر موسڵمان بە خۆ شییو نیعمەتو بەهرەی جۆراوجۆر، تاقی دەکرێتەوە، بە سامانو دارا یی، زانستو هونەر، جوانییو هەڵکەوتوویی، ناوو شۆرەت، نەوەو منداڵ، پایەو دەسەڵات.

لێرەدا شوكرو سوپا سگوزاریی دەبێ تە ئەركی، شوكرو سوپاس بۆ خوا، بە دڵو بەزمانو بە كردەوە، بە دڵ پێ بزانێ، بە زمان دەری بڕێ، بە كردەوە هەقی هەر نیعمەتو بەهرەیەك بدات، كە خوا پ ێی بەخشیوەو لە خێردا بیانخاتە گەڕ. ئەو كا تە– ج ێی خۆ یەتی– كە كاری موسڵمان ببێتە جێی سەرسوڕمان، چونكە هەموو ژیانو كارو فرمانی خێرەو خێری تێدایە.

## فەرموودەی هەژدەهەم

## (بایەخی کاری پەسەندو ڕووخۆشیی)

عن أبي ذر (رضي الله عنه) قال: قال لي النبي (صلى الله عليه وسلم): (لا تَحْقِرَنَّ مِنْ الْمَعْرُوفِ شَيْئًا، وَلَوْ أَنْ تَلْقَى أَخَاكَ بِوَجْهٍ طَلْقٍ)[١٩].

### واتای وشەکان:

لا تحقرنّ: سووكو بێبایەخ سەیر مەکە.

شیئاً: شتێك.

المعروف: کاری پەسەندو چاكو بەعورفکراو.

وَجْهٍ طَلْقٍ: ڕوویەکی خۆشو کراوە.

### واتای کورتی فەرموودەکە:

لە کاری چاكو پەسەندە بە عورفکراوە کان هیچ شتێك بە کەمو سووكو بێبایەخ سەیر مە کە، ئە گەر ئەوەش دبێت کە بە ڕوو یەکی خۆشو کراوەوە ڕووبەڕوی براو خوشکت ببیتەوە.

[١٩] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح مسلم، كتاب البر والصلة)، باب: (٤٣)، بە ژمارە: (٢٦٢٦). (سنن أبى داود, كتاب اللباس)، باب: (٢٥)، بە ژمارە: (٤٠٨٤). (سنن الترمذي), بە ژمارە: (٢٧٢٢).

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

ئەم فەرموودە یە هانی مو سڵمان دەدات بۆ هەر کارێکی چاكو باشو پە سەند. و شەی ( مەعروف) بەو عادەتو گوفتارو کردارا نە دەگوترێ کە ناسراوو پەسەندی لای خەڵکن، واتای زمانەوانی تەواوی (مەعروف)، یانی: کارێکی بە عورفکراو، دیارە بەو مەرجە کە لە گەڵ شەرعدا دژایەتییان نەبێ.

دیارە هەستانو توانای هەستان بەکاری باشو چاك ڕێژەییە، بەپێی لێهاتنی مرۆڤەکان دەگۆڕێ. بۆیە لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (ﷺ) هانمان دەدات کە هیچ کارێکی چاكو باشو پە سەند بە کەم نەزانین، نموو نەش بەوە دێنێ تەوە کە بە ڕووی خۆشو کراوەوە لە گەڵ بەرامبەرەکەماندا مامە ڵە بکەین. ئە مەش لای کەمی ئەوە یە کە لە هەموو کەس دێتو کەس نیە لە توانایدا نەبێت.

## فەرموودەی نۆزدەهەم

## (زانینی قەدری نیعمەتو بەخشش‌ە خواییەکان )

عن أبي هريرة (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قال: قال رسول الله (ﷺ): (أُنْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ أَسْفَلَ مِنْكُمْ، وَلَا تَنْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ فَوْقَكُمْ، فَإِنَّهُ أَجْدَرُ أَنْ لا تَزْدَرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ)[٢٠].

**واتای وشەکان:**

أُنْظُرُوا: سەیر کەن.

أَسْفَلَ مِنْكُم: خوارتر لە ئێوە.

أَجْدَر: شایانترە.

تَزْدَرُوا: نادیدە بگرن.

**واتای کورتی فەرموودەکە:**

واتە: سەیری خۆتان بەرەو خوارتر بکەن، مەڕوانن بۆ بەرەو ژوورتر لە خۆتان، ئەمە شیاوترە بۆ ئەوەی کە بە بێ نرخ سەیری ئەو نیعمەتانە نەکەنو بەکەمیان نەزانن کە خوا پێی بەخشیون.

---

[٢٠] ئەم فەرمودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح مسلم, كتاب الزهد والرقائق)، بە ژمارە: (٢٩٦٣). لە (صحيح البخاري)یشدا بە ژمارە: (٦٤٩٠)ـ فەرمودەیەکی نزیك لەمە هاتووە.

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

**یەکەم:** ئەم فەرموودەیە چارە سەری یەکێك لە گرفتو نەخۆشییو تاوانە دەرونییەکان دەکات، کە لە ئاکامی زۆر ڕاهاتن لە گەڵ بەهرەو نیعمە تە خودادادییەکا ندا توو شی بڕوادار د ێت، ئەویش گرف تی قەدرنەزانییو پێنەزانین، یا بەکەم زانینی نیعمەتە.

دیارە نیعمەتو بەهرەمە ندبوونی مرۆڤ بە نیع مەت، وەك زۆر بەی دیاردەکانی تری ئەم بونەوەرە، ڕێژەییە.. کەسێك دەبیـنی لەو پەڕی خۆشییو ڕەفاهـ یەتو دارا ییو هەبوونیدا یە، بەڵام لە چاو کە سێکی تردا کەمدەستو نەبوو، بگرە گەداو خـێر پێ شیاوە، بەڵام هەمان کەس لە چاو کە سانی خوار خۆ یدا ـ لە نەدارانو کەمدە ستان ـ سەرمایەدارو خوا پێداوە.

جا بۆ ئەوەی موسڵمان بەرامبەر بەخششو نیعمەتە خواییەکان کە پـ ێی داوە، توو شی نمەک سوێرییو بێ وە فاییو پێـ نەزانین نەبێ، پێغەمبەر (ﷺ) داوای لە موسڵمان کردووە ـ بۆ ئەوەی بە واقعی لەو ڕێژەییبوو نە تێبـ گات ـ هەمیـ شە بۆ بەراوردکردن سەیری خوارتری خۆی بکات. لە زانستو زانیاریی پێبووندا، لە ماڵو سامانو دارایـ یدا، لە ناو بانگو شۆرەتو ڕێزدار یدا، لە پـ لەو پا یەو پۆ ستو پێـ گەی کۆمەڵایەتیدا، لە هەرشتێکدا کە دەچنە خا نەی نیع مەتو بەخـ ششو بەهرەی خواییەوە.

**دووەم:** فێربوونی ئەم وانە پێغەمبەرانەیە خوویەکی گەورە لە مرۆڤدا دروست دەکات، خووی قەدردانیو کەم بەزۆرزانینو سەرەنجام گەشبینییو کراوەییش لەو کەسەدا زیاد دەکات. هەروەها لە دەردی چاوچنۆکییو حەسودییو ئیرەیی بردن بە کەسانی لەخۆی بالاتریش ڕزگاری دەبێت. سەرەنجام دەبێتە موسڵمانێکی بەئەمەکی شوکرانەبژێرو سوپاسگوزار.

## فەرموودەی بیستەم

## (داکۆکیی لە ئابڕوو و دەستکەوتەکانی یەکتر)

عن أبي الدرداء (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ)، عن النبي (ﷺ)، قال: (مَنْ رَدَّ عَنْ عِرْضِ أَخِيهِ رَدَّ اللَّهُ عَنْ وَجْهِهِ النَّارَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)[21].

**واتای وشەکان:**

رَدَّ: داکۆکیی بکات.

عِرْض: ئابڕوو، کاڵا، دەستکەوت..

وَجْه: ڕوو.

**واتای کورتی فەرموودەکە:**

هەرکەس لە مافەکانی برایەکی پشتگیریی بکات، خوا لە پاشەڕۆژدا ئاگر لە ڕووی دوور دەخاتەوە.

---

[21] ئەم فەرمودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (سنن الترمذي, كتاب البر والصلة)، باب (٢٠)، بە ژمارە (١٩٣١). بە سەنەدی (صحيح). هەروەها پێشەوا ئەحمەدو نەسائی بە سەنەدی (حسن) گێڕاویانەتەوە.

## پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:

١ـ ئەمە یەکێکی ترە لەو فەرموودانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێز دەکات، تەبایی‌و برایەتی ڕیزی بڕواداران زیاد دەکات.

لەم فەرموودە یەوە دەردە کەوێت کە دا کۆکیکردنی بڕواداران لە یەکدی، بەشێکە لە ئەرکی موسڵمانان لەناو خۆیا ندا. لە هاو شێوەی ئەم فەرموودانە زۆرن کە هەرکەس لە گەڵ کە سێکدا باش بێت، یان پشتیوانی لیَ بکات، خوای گەورە لە دونیاو لە ڕۆژی دواییشدا، فریای دەکەویَ‌و پشتی دەگرێت.

٢ـ وشەی (عِرْض) زۆرجار بە هەڵە بە ( ناموس) یان ( شەرەف) وا تا دەکرێت، بەڵام لە عەرەبیدا وو شەی ( عِرْض) بە وا تای (نفس) یان (حەسەب)، هەندیَ جار بە واتای (جەسەد)و لاشەش هاتووە،[22] بۆ یە تایبەتکردنی واتاکە بەو مەبەستەوە هەڵە یە. بەگشتیی فەرموودە کە ئاماژە بەوە دە کات کە مو سڵمان دە بیَ دا کۆکی لە براو خو شکی

---

[22] بڕوانە کتێبی (مختار الصحاح)ی (رازی)، وشەی (عِرْض).

[23] ئەم فەرمودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح مسلم, كتاب البر والصلة والآداب)، باب: (٥), بە ژمارە: (٢٥٥٣). (سنن الترمذي, كتاب الزهد)، باب: (٥٢)، بە ژمارە: (٢٣٨٩). هەروەها (بخاری), لە (الأدب المفرد)دا گێڕاویەتەوە. هەروەها (صحيح ابن حبان, كتاب البر والإحسان)، بە ژمارە: (٣٩٧)و (مسند أحمد) بە ژمارە: (١٧٨٣)و (الحاكم) بە ژمارە: (١٤١٢) گێڕاویانەتەوە.

بكات، له هەموو حاڵەتێكدا كه له سەر هەق بێو مافی خورا بێ.

هەركەس بەو ئەركە هەستا خوای گەورە لە پا شەڕۆژدا سزای ئاگری دۆزەخی لێ لادەداو ڕزگاری دەكات.

له ڕیوا یەتێكی تری هەمان فەرموودەدا كه پێ شەوا ئه حمەد گێڕاویە تەوە هاتووە: كا تێ پێغەم بەر (ﷺ) ئەم فەرموودە یەی فەرموو، بەدوایدا ئەم ئایە تەی خوێندەوە: (وكان حقاً علينا نصر المؤمنين)، واتە: خوای گەورە فەرموویەتی: سەرخستنی مو سڵمانان بووە بە حەقێك بەسەر ئێمەوە.

## فەرموودەی بیست و یەکەم

## (نیشانەی چاکەکاریی‌و تاوان)

عن النوّاس بن سمْعان الأنصاري، (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قال: قال رسول الله (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (الْبِرُّ حُسْنُ الْخُلُقِ، وَالْإِثْمُ مَا حَاكَ فِي صَدْرِكَ وكَرِهْتَ أَنْ يَطَّلِعَ عَلَيْهِ النَّاسُ)[٢٣].

**واتای وشەکان:**

البِرّ: چاکەکاریی زۆر.

حُسْنُ الخُلُق: ڕەوشتجوانیی.

كَرِهْتَ: پێت ناخۆش بێت.

يَطَّلِعَ: ئاگادار بێت.

**واتای فەرموودەکە:**

چاکەی زۆر، ڕەوشتجوانییە. گوناهیش ئەوەیە کە لە دڵتا خورتە خورت بکات‌و پێت ناخۆش بێت خەڵکی پێی بزانێت.

---

[٢٣] ئەم فەرموودەیە لە (صەحیحی موسلیم) بە ژمارە: (٢٥٥٣) و صەحیحی (ترمذي)، بە ژمارە: (٢٣٨٩) و صەحیحی (ابن حبان) بە ژمارە: (٣٩٧)، هاتووە.

## پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:

**یەکەم:** بەشی یەکەمی ئەم فەرموودەیە ئاماژەیە بە پایەیەکی گرنگی ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکان. لە کاتێکدا کە لە دەقەکا ندا و شەی ( بِرّ) زۆر هاتووە، لێرەدا پێغەمبەر (ﷺ) بە ڕەوشتجوانیی واتای دە کات. واتە چڵەپۆپەی (برّ) ڕەوشتجوانییو هەڵسو کەوتو مامە ڵەی با شە لەگەڵ خەڵکیی.

**دووەم:** بەشی دووەمی فەرموودەکە تاوانو گوناهمان پێ دەناسێنێو دوو نیشانەیمان فێر دە کات: یە کەم ئەوە یە کە مو سڵمان لە دڵیدا ترازوویەك هەیە، هەمیشە کە ن یازی گو ناهو تاوان دە کات، خور پە خورپو دوودڵییەك لە ناخ یدا درو ست دەب ێت. دووەم: خواخوا یەتی کەس پێی نەزانێو زۆر ئەترسێ کە خەڵکی بەو گوناهەی بزانن.

دیارە بۆ خاڵی یەکەم یەکێ لە پێوەرەکان دڵی موسڵمان خۆیەتی، چونکە کە سانی تر ئەو هە ستەیان ن یەو بۆ ن یازی گو ناهو تاوان دوودڵییان نیە. بۆ خاڵی دووەمیش هەر باسی کۆمەڵگەی مو سڵمانە، کە تیایدا تاکی موسڵمان شەرم دەکات لە تاوانو حەز دە کات کەس پێی نەزانێت.

**سێیەم:** لەم فەرموودە یەوە با یەخی ئامۆژ گارییو فر مان بە چاکەو قەدەغەی خراپەش تێدەگەین، چونکە تا ئەوانە لە کۆمەڵگەدا بم ێنن، تاکی کۆمەڵگە خۆ دوور دەگرێت لە سەرپێ چی شەرعییو هە ست بە

شەرمەزاریی دەکات لەهەر لادانو تاوانێك، چونكە خودی (انتماء)و هۆگریی بۆ كۆمەڵگەی ئیسلامیی، خودی هۆگرییی بۆ شوناسی نەتەوەو ئاینی ژینەگەكەی، ڕێگرو بەربەرستن لە بەردەمیدا.

## فەرموودەی بیست‌و دووەم

## (خوێندنی قورئان بە ئاوازو دەنگی خۆش)

عن أبي هريرة (ﷺ)، قال: قال رسول الله (ﷺ): (مَا أَذِنَ اللَّهُ لِشَيْءٍ مَا أَذِنَ لِلنَّبِيِّ أَنْ يَتَغَنَّى بِالْقُرْآنِ)[٢٤]. لە ڕیوایەتێکی  تردا: (لِنَبِيٍّ حَسَنِ الصَّوْتِ، يَجْهَرُ بِهِ).

**واتای وشەکان:**

ما أَذِنَ: مۆڵەتی نەداوە.

يتَغَنّى بالقرآن: بە ئاوازی خۆش قورئان بخوێنێت.

حَسَنِ الصَّوْتِ: دەنگخۆش.

يَجْهَرُ بِهِ: دەری بخات.

**واتای کورتی فەرموودەکە:**

خوا مۆڵەتی نەداوە بۆ هیچ شتێك، هەروەکو مۆڵەتی داوە بە پێغەمبەرێکی دەنگ خۆش کە بە ئاوازەوەو بە دەنگی ئاشکرا قورئان بخوێنێتەوە.

[٢٤] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاري، كتاب فضائل القرآن)، باب: (١٩)، بە ژمارە: (٥٠٢٣) و (٧٤٨٢)، (صحيح مسلم, كتاب المسافرين)، باب: (٣٤)، ژمارە: (٧٩٢).

## پەندو وانەكانی ئەم فەرموودەیە:

ئەم فەرمووده یه تایبه ته به باسی خوێندنی قورئان به دەنگی خۆشو دەنگبەرز كردنەوە له كاتی قورئان خوێندندا. (تغنيّ بالقرآن) واته: خوێندنی قورئان به ئاوازی خۆش، بۆیه:

**یەكەم:** لەم فەرمووده یەدا بۆ مان دەردەكەوێ كه خوای گەورە خوێندنی قورئانی - به ئاوازی خۆشەوە - پێ خۆشه. هەر لەم فەرموودەیەدا ئەوەش دەخوێندرێتەوە كه ئەگەر دەنگی كه سێك ناخۆش بوو - واته ئاوازی بۆ خوێندنی قورئان خۆش نەبوو - باش نیه له كۆڕێكدا كه خەڵكی گوێیان لێیەتی، دەنگ بەرز بكاتەوە.

**دووەم:** هەر لەمەشەوە هەندێك له زانایان پێیان باش نیه كەسێك كه ئاوازی قورئانخوێندنی خۆش نیه ببێته پێشنوێژ (ئیمام)، چاكتر وا یه كەسی دەنگخۆش پێشەوایی بكات له نوێژه (جەهریيەكان)دا، نوێژی بەیانیو شێوانو خەوتنان، یان نوێژی هەینییو جەژنەكان، یان تەراویحەكان، مەگەر كەسێكی تر نەبێ مەرجی پێشنوێژیی تێدا بێت، ئەو كاته دەكرێت ئەویش پێشنوێژیی بكات. عەسقەلانی دەڵێت: "دەروونەكان حەزیان له بیستنی خوێندنی قورئانه، به ئاوازی خۆش، چونكه ئاوازی خۆش دڵ ناسك دەكاتو فرمێسك به چاواندا دێنێت".[٢٥]

---

[٢٥] (فتح الباري)، شەرحی بوخاری, ئیبن حەجەری عەسقەلانی، (٢٢١٩/١٢).

**سێیەم:** جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەم کە هەندێك لە زانایان (تغني بالقرآن)یان بە (استغناء بالقرآن) واتا کردووە، واتە: موسڵمان وای لێ بێت بایەخ بە قورئان بداتو خۆی بە قورئان دەوڵەمەند بکات، بە ڕادەیەك دابِبڕێ لە شتی تر، بەڵام سیاقی فەرموودەکەو وشەی(حسن الصوت)و (يجهر به)، دەری دەخەن کە باس لە دەنگخۆشییو خوێندنی بە ئاوازی قورئانە.

**چوارەم:** دوا خاڵ کە لێرەدا پێویست بێ ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە هەندێك قورئانخوێن زۆر لە خۆیان دەکەن لە داهێنانی لەحنو ئاوازدا، بە ڕادەیەك کە دەرهاوێ شتەو مەخرەجی پیتەکان دەشێوێننو لە ئادابی زانستی تەجوید دەردەچن، ئەوەش کارێکی باش نیەو دەچێتە خانەی (تكلّف)و زۆر لەخۆکردنو تێکدانی هەندێك ئەحکامی جوان خوێندنەوەی قورئان.

## فەرموودەی بیستو سێیەم

## (مەترسیی خەڵوەتو تاککەوتنەوەی ژنو پیاوی نامەحرەم)

عن ابن عباس (رضي الله عنهما)، يقول: سمعت النبــي ﷺ يخطب، يقول: (لا يَخْلُوَنَّ أَحَدُكُمْ بِامْرَأَةٍ، إِلَّا مَعَ ذِي رَحِمٍ مُحَرَّم).[٢٦]

**واتای وشەکان:**

لا يَخْلُوَنَّ: تاك نەکەوێتەوە، بە تەنیا نەبێت.

أَحَدُكُم: یەکێك لە ئێوە.

بامرأة: لەگەڵ ئافرەتێك.

ذي رَحِمٍ: مەحرەمێك.

**واتای کورتی فەرموودەکە:**

هیچ کەس لە ئێوە لەگەڵ ئافرەتێکدا گۆشەگیر نەبێو لە شوێنی چۆڵدا لەگەڵی کۆنەبێتەوە، مەگەر لەگەڵ کەسێکی مەحرەمدا.

---

[٢٦] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاري, كتاب جزاء الصيد), باب: (٢٦)، بە ژمارە: (١٨٦٢) و (٣٠٠٦) و (٥٢٣٣)، هەروەها (صحيح مسلم, كتاب الحج), باب: (٧٤)، بە ژمارە: (١٣٤١).

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

**یەکەم:** مەبەستی سەرەکیی ئەم فەرموودەیە پاراستنی کەسییەتیی ژن‌و مافەکانی‌و ئازادیی تاکەکەسیی ئافرەتە. لەسەرێکی تریشەوە بۆ پاراستنی پیاوو دوورخستنەوەیەتی لە داوەکانی شەیتان، لە بواری پەیوەندییە ناشەرعییەکانی ژنان‌و پیاواندا.

**دووەم:** هەستیاریی ئەم باسە لە ڕووی دەروننا سیی ژن‌و پیاوەوە، جێی مشت‌ومڕ نیە. لە فەرموودەی تردا هاتووە کە هەر ژن‌و پیاوێکی نامەحرەم بە تەنها کۆببنەوە، شەیتان سێهەمیانە. بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) جەختی کردووەتەوە بۆ ژن‌و پیاوی نامەحرەم، کە بە تەنهاو دوور لە چاوان، لەگەڵ یەکتر کۆنەبنەوە، تاکو شەیتان داڵغەو خوتخوتەیان بۆ دروست نەکات.

**سێیەم:** زانایان دەڵێن: "ڕستەی (ذي رحِم محرّم) ئەوە دەگەیەنێت کە کەسی سێیەم دەبێت مەحرەمی ژنەکە بێت. هەروەك ئەوەش دەگەیەنێت کە مەحرەمی پیاوەکە بێت. زانا شەرعناسەکان لە سەر ئەم ڕایەی دووەمن. بە هەرحاڵ، گرنگ ئەوەیە مەحرەمی یەکێکیان ئامادە بێت. عەسقەلانی لە ڕاڤەیدا دەڵێ: "دروست ئەوەیە کە غەیری مەحرەمیش دەکرێ‌و ڕەوایە هەرکەس ببێتە سێیەم، وەك ئەوەی کە

چەند ژنێکی لیٚ بێت، کە ئەمە دروستەو مەحرەمی کەسیشیان نیە". [27]

**چوارەم:** لێرەدا دەبیٚ بزانین کە ئەگەر کەسی سێیەم شەرمی لیٚ نەدەکرا، بۆ نموونە منداڵ بوو، یان کەسێکی ناتەواو بوو، ئەوە لە حوکمی نەبووە. یا کەسەکە لەوانە بیٚ کە شەرم ناکاو ڕێز لە کەسێتی ژن ناگریٚو ئیلتیزام بە ئادابی حەرامو حەڵاڵی ئەو بوارەوە ناکات، ئەوەش نەك لە حوکمی نەبوونە، بەڵکو ڕەنگە هاندەر بیٚ بۆ ناڕەوایی و پیٚ خلیسکان.

**پێنجەم:** ئەم باسە بۆ غەیری کاتی پێویستیی و ناچارییە، بۆ نموونە: یارمەتیدانی پیاوێك بۆ ژنێك - یان بە پێچەوانەوە - لە شوێنێکی چۆڵدا، ڕەوایە، بگرە هەندێك جار پێویست دەبێت، چونکە زیانی گەورەتر ڕوو دەدات.

**شەشەم:** ئەم ناڕەوایەی تاکبوونەوەی ژنو پیاوێکی نامەحرەم، کاتی سەفەرو هەرجۆرە هاوڕێیەتییەکی تریش دەگرێتەوە.

**حەوتەم:** بەپێی هەندێك فەرموودە تاککەوتنەوەی ژنو پیاوی نامەحرەمی لەیەك نزیك ـ وەك هێوەر بۆ ژن ـ یان ژنخوشك بۆ پیاوـ توندتر قەدەغە کراوە، چونکە جێی گومانی خەڵکی نیەو شەیتان بە ئاسانتر دزە دەکاتو گەرای وەسوەسەی خۆی دادەنێت. لە

---

[27] (فتح الباری)ی عەسقەلانی, ١/١٠٤١.

فەرموودە یەکی درو ستی بوخار یدا هاتووە کا تێ پێغەم بەر (ﷺ) فەرمووی: (إیاکم والدخول ع لی الذ ساء)، وا تە: ئاگادار تان دە کەم! وریا بن! تاك مەبنەوە لەگەڵ ژنانی نامەحرەم. هاوەڵێکی لێی پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەی حوکمی کەسی نزیك چۆنە؟ وا تە: ﻫ ێوەر بۆ ژن، یان ژنخوشك بۆ پ یاو؟ پێغەم بەر (ﷺ) فەرمووی: (الح مو: الموت)، واتە: ئەو کەسە نزیکە، ھەر مەرگە. یانی: وەك مردن وا یە، مەترسیدارە، چونکە ـ وەك وتمان ـ جێی گومانی خەڵکی ن یەو بواری شەیتان زۆرترو کراوە ترە. (صحیح البخاری، بە ژمارە ٥٢٣٢).[٢٨]

بۆ یە ل ێرەدا داوا لە براو خو شکان دە کەم کە گوێ نەدەن بە ھە ندێك ق سەی خەڵکانی ساویلکە، وەك ئەوەی دە گوترێ: دڵ حیـسابە، یان بەوە ن یەو بە کەس کەوتووە، یان ئەم ئارا ستەیە دڵپید سی درو ست دە کات. ئەم ق سانە بەرام بەر فەرموودەی پێغەمبەرێکی تێگەیشتوو لە حیکمەتی خوایی و شارەزا بە دەروو نی مرۆڤ، هیچ ح سابێکیان بۆ ناکرێ. تەواوی دەروننا سان و زانا یانی مرۆڤناسیی سەردەمیش، ئەم بۆچوونانەیان بە پۆپەی تێگەی شتن لە مرۆڤ و نهێنییەکانی داناوە.

---

٢٨ فەرموودەی ژمارە (٣٦)ی ئەم چل فەرموودەیەم تەرخان کردووە بۆ ئەو بابەتە, دەتوانی بۆی بگەڕێیتەوە, کە لەوێ زیاتر ڕوونکردنەوەم لەم بارەیەوە داوە.

## فەرموودەی بیستو چوارەم

## (نیعمەتی تەندروستیی و دەستخاڵیی بوون)

عن ابن عباس (رضي الله عنهما)، قال: قال ا لنبي (ﷺ): (نِعْمَتَانِ مَغْبُونٌ فِيهِمَا كَثِيرٌ مِنْ النَّاسِ: الصِّحَّةُ وَالْفَرَاغُ)[٢٩].

**واتای وشەکان:**

نِعْمَتان: دوو بەهرە، دوو نیعمەتی خوایی.

مَغْبُون: دۆڕاو، زیانمەند.

الصِحَّة: تەندروستیی.

الفَراغ: بێکاریی، دەستخاڵیی بوون.

**واتای کورتی فەرموودەکە:**

دوو نیعمەت زۆر کەس تیایدا خە سارەتمەندو دۆڕاون: تەندرو ستیی و لەشساغیی، لەگەڵ بێکاریی و فەراغ. (واتە ناتوانن بە شێوەی شیاوو تەواو سوود لەو دوو نیعمەتە وەربگرن و حەقیان بدەنێ).

[٢٩] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاري، كتاب الرقائق)، باب: (١)، فەرموودەی ژمارە: (٦٤١٢).

**پەندو وانەكانی ئەم فەرموودەیە:**

ئەم فەرموودەیە وێناكردنێكی واقعی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی یە، زۆربەی خەڵكی بەهرەی تەواو لە دوو دانە نیعمەتی خوایی نابەن، یەكەمیان: نیعمەتی تەندروستیو لەشساغیی. دووەمیان: نیعمەتی فەراغەتو بێ ئیشو كاری.

زۆربەی خەڵكی لەكاتی لەشساغیدا، لە بیری كاتی ناساغیو بێ كاتی خۆیاندا نین، تا بە پێی تواناو لێهاتنیان سوودمەند ببن لێی، هەروەك لە كاتی بێ ئیشیدا لە بیری پڕكردنەوەی كەلێنەكانی ژیاندا – لە هەموو ڕوویەكەوە – نین، تا كاتێ دەزانن پێداویستیەكانی ژیانیان – لە هەموو ڕوویەكەوە – كەڵەكە دەبن لەسەریانو، هەرچی دەكەن كاتی لەدەستچووی تەمەنیان بۆ ناگەڕێتەوەو لە ئێستەو دا هاتووی تەمەنیشیاندا فریای قەرەبووكردنەوە ناكەون، چونكە هەموو ساتو ڕۆژو حەفتەو مانگێ ئەركی نوێی تایبەت بەخۆیان هەیە. بۆیە كەسانی لەو جۆرە دۆڕاوو زیانمەندنو، هەرچی دەكەن فریا ناكەونو، وەك قەرزارێكی شكستخواردوی دۆڕاوان كە قەرزی كەڵەكەبووی تەمەنیان بۆ پینە ناكرێ. یا وەك موسافرێكی دواكەوتوو لە كاروان وەهان، كە هەرچی دەكەن بە كارواندا ناگەنەوە.

## فەرموودەی بیست و پێنجەم

## (موسڵمانی بەهێزو بەشێك لە ئاكارەكانی)

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): (الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنْ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ، وَفِي كُلٍّ خَيْرٌ. احْرِصْ عَلَى مَا يَنْفَعُكَ، وَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ، وَلَا تَعْجَزْ. وَإِنْ أَصَابَكَ شَيْءٌ فَلَا تَقُلْ: لَوْ أَنِّي فَعَلْتُ كَانَ كَذَا وَكَذَا، وَلَكِنْ قُلْ: قَدَّرَ اللَّهِ وَمَا شَاءَ فَعَلَ، فَإِنَّ (لَوْ) تَفْتَحُ عَمَلَ الشَّيْطَانِ).[30]

**واتای وشەكان:**

القَوِيّ: بەهێز.

الضَّعيف: لاواز، بێ هێز.

إحْرِصْ: مكوڕ بە..

اسْتَعِنْ: پشت ببەستە.

لا تَعْجَزْ: دەستەپاچە مەبە.

أصابَكَ: تووشت بوو.

[30] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوەیەدا هاتووە: (صحيح مسلم، كتاب البر)، باب: (٨)، فەرموودەی ژمارە: (٢٦٦٤).

**واتای کورتی فەرموودەکە:**

بڕواداری بەهێزو بازوو، باشترو خۆشەویستترە لای خوا لە بڕواداری لاواز، بەڵام لە هەردوو لایاندا خێرو پیت هەیە. سوور بە لەسەر ئەو شتەی کە سوودت پێدەگەیەنێت. بە خوا پشت ببە ستەو لاوازیی مەنوێنە. ئەگەر شتێکت تووش هات مەڵێ: ئەگەر واو وام بکردایە، واو وا دە بوو، بەڵکو بڵێ: خوا وای بڕیار داوەو هەرچیش خۆی مەیلی بێت دەیکات، چونکە وشەی (ئەگەر) دەرگای وەسوەسە بۆ شەیتان دەکاتەوە.

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

لەم فەرموودەیەدا چەندین واتاو دیلالەتی گرنگ وەردەگیرێن، لەوانە:

**یەکەم:** بڕواداری بەهێز چاکترو خۆشەویستترە لە بڕواداری لاواز. هەرچەند زۆرێك لە زانایان فەرموویانە: لێرەدا مەبەست لە هێز هێزی مەعنەوییە، بەواتای عەزیمەت بەرزیی و ئازایەتیی لە هەوڵی دەستخستنی پاداشتی دواڕۆژدا، بەڵام فەرموودە کە ڕەهایەو تەقیید نەکراوە. دروستتروایە بڵێین: بڕواداری بەهێز، لە هەموو ڕوویەکەوە، بەهێز لە بیروباوەڕدا، بەهێز لە ڕەوشت و خوودا، بەهێز لە ئیرادەو عەزیمەتدا، بەهێز لە لاشەو تەندروستیدا. ئەم بڕوادارە لای خوا لە کەسی لاواز لەو لایەنانەوە، باشترو خۆشەویسترە. بەڵگەش بۆ گشتیکردنی واتاکە ـ جگە لە ڕەهاییبوونی وەصفی (المؤمن القوي)

له فەرموودەکەدا- چەندین ئایەتو فەرموودەی ترە، لەسەر بایە خدان بە تۆکمەکردنو بەهێزکردنی بڕواو ڕەوشتو ئیرادەو جەستەو.. هتد.

**دووەم:** وانەی دووەم ئەوەیە کە کە سی بڕوادار هەر خ ێری تێدا یە، ئەگەر لە هەندێ لەو ڕووانە شەوە لاواز ب ێت. چونکە هەر چۆن ب ێت بڕواداریيەکەی پلەیەکی گەورەتری پێ دەبەخ شێو ج یای دەکا تەوە لە کەسانی بێ بڕوا، کە بێبەشن لە خێرو پلەی بڕواداریی.

**سێیەم:** سووربوون لە سەر شتی بە سوود، لە فەرموودەی (إ حرص ع لی ما ینف عك)، ئەمیش هەر بەڕەهایی هاتووە. وا تە ئەوەی لێ دەردەهێنرێ کە موسڵمان سوور بێ لەسەر هەر شتێکی بە سوود بۆ خۆی، ئەو شتە بۆ هزرو بیری بێ، یانماڵو سامانی بێ، یان لا شەو جە ستەی بێ.. چونکە خوای گەورە بە هەموو شێوەیەك خ ێرو خۆشییو سوودی دەوێ بۆ بەندەکانی.

**چوارەم:** دیارە موسڵمان لەهەر شتێکدا دەبێ پشت بەخوا ببە ستێ، واتە وا نەزانێ کە سوود بەخۆگەیاندنی بە ئازایەتیی خۆ یەتی، دە بێ لەبیری بێ کە بەبێ یارمەتی خوا هیچی بۆ ناکرێ، بۆیە دە بێ لە گەڵ ئەوەدا کە خۆی لە هەوڵی خۆبەهێزکردندایەو سوورە لەسەر بەدەست خستنی سوود بۆ خۆی، بۆ ئەم کارەی دەبێ پشت بەخوا ببەستێ.

**پێنجەم:** وو شەی (ولا تع جز) دا چڵەکاندنێکی گرنگە لە پێغەم بەری خواوە (ﷺ) بۆ هەموو پەیڕەوانی ئیسلام، کە هەمیشە گە شبین

بژین، ئیـ جابیی بن، لاوازیی له ئا ست هه‌ر له‌م په‌روکۆ سپیکدا ده‌رنه‌خه‌ن، وره‌به‌رز بن، بێده‌سه‌ڵاتی‌و ده‌سته‌پاچه‌یی نه‌که‌نه پیشه.

ئه‌م به‌شه له فه‌رمووده‌که ئاراسته‌یه‌که بۆ ئه‌و که‌سانه‌ی که هه‌میشه (نازانم)، (ناتوانم)، (نایکه‌م)، (نابێ)و.. ئه‌م جۆره وشه سلبییانه‌یان کردووه‌ته پیشه. به هه‌ق‌و ناهه‌ق خۆیان ته‌ڵقین ده‌که‌ن به لاوازیی‌و بێده‌سه‌ڵاتی، بۆیه پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ڕاسته‌وخۆ به‌و جۆره که‌سانه به ڕه‌هایی ده‌فه‌رموێ: (ولا تعجز) بێ ده‌سه‌ڵات مه‌به، لاواز مه‌به. واته له هیچ کات‌و شوێن‌و حاڵه‌تێکدا، وا ده‌رمه‌خه بێ تواناو لاوازو ناکاراو که‌مده‌ستی، چونکه پێشتر فێرکرای که: به‌هێز به، بڕواداری به‌هێز چاکترو خۆشه‌ویست تره لای خوا. تۆ فێرکرای که هه‌میشه سوور بی له‌سه‌ر ئه‌و شتانه‌ی به‌سوودن بۆ خۆت. فێرکرای پشت به‌خوا ببه‌ستی. ئیتر که‌سی وا مانای نیه لاواز بێ‌و سستی‌و بێده‌سه‌ڵاتی ده‌ربخات.

**شه‌شه‌م:** هه‌روه‌ها فه‌رمووده که وانه‌ی بڕوا به قه‌زاو قه‌ده‌رمان فێر ده‌کات، ئه‌وه‌مان فێر ده‌کات که هه‌رچی ڕووی داو تێپه‌ڕی، بۆی نه‌گه‌ڕێینه‌وه، مه‌گه‌ر بۆ وانه‌و په‌ند لێوه‌رگرتن. بۆ هیچ شتێکی ڕابردوو - که تووشمان هاتووه - نه‌ڵێین: ئه‌ی کاش وام ده‌کردو ئه‌گه‌ر وام بکردبا وا ده‌بوو، بریاو خۆزگه وام کرد با. چونکه ئه‌م (ئه‌گه‌ر، ئه‌گه‌ر)کردنه ده‌رگا بۆ چالاکیی شه‌یتان ده‌کاته‌وه، وا ده‌کات له موسڵمان که - په‌نا به‌خوا - ڕه‌خنه له قه‌ده‌ری خوا بگرێت، یان پێی

ڕازی نەبێت، ئە مەش پێ چەوانەی خوانا سییو دەر کی صیفەتو نازناوە جوانەکانی (علیم) و (حکیم)و (قادر)یی خوایە.

**حەوتەم:** لەم زەمینەیەدا زانایان فەرمویانە: ئەگەر کە سێك بۆ حاڵی خۆی پەشیمان بێ، خۆزگەو بریا بۆ ڕابردووی خۆی بڵێ، بۆ نموو نە بڵێ: بر یا تە مەنی ڕا بردووم لە خوانا سییەکی ز یاتر بە سەردەبرد، خۆزگە لە ساڵانی لاویدا زیاتر تۆشەم بۆ خۆم دەستدەخست، خۆز گە ڕێزی دایك و باوکم زیاتر دەگرت، ھ تد.. ئەم جۆرە خۆزگەخوا ستنو ئەگەروتنانە گوناھیان تێدا نیە، چونکە دەرخستنی ناڕەزایی ذ یە لە قەدەرێکی خوایی، بەڵکو لە ناوەرۆکیدا جۆرێکە لە پە شیمانیی دەر بڕین لە کەمتەرخەمیو سستیی خۆی، لە جێ بەجێکردنی فەرمانی خواو کاری چاکدا، ھاندەریشە بۆ گەرمو گوڕیی لە داھاتوودا.

## فەرموودەی بیستو شەشەم

## (گرفتو ماندوویی‌و ئازارەكان بۆموسڵمان كەفارەتن)

عن أبي سعيد وأبي هريرة (رضي الله عنهما) أنهما سمعا رسول الله (ﷺ)، يقول: (مَا يُصِيبُ الْمُسْلِمَ مِنْ نَصَبٍ وَلَا وَصَبٍ وَلَا هَمّ وَلَا حُزْنٍ وَلَا أَذًى وَلَا غَمّ ـ حَتَّى الشَّوْكَةِ يُشَاكُهَا ـ إِلاَّ كَفَّرَ اللَّهُ بِهَا مِنْ خَطَايَاهُ). [٣١]

**واتای وشەكان:**

نَصَب: ماندوویی.

وَصَب: ئازاری بەردەوامو ناڕەحەتیی.

هَمّ: مەراق.

حُزْن: خەفەت.

أذى: ئێشو ئازار. غَمّ: خەم.

الشَّوْكَة: دڕك. خَطایا: هەڵەو تاوانەكان

**واتەی كورتی فەرموودە:**

هەرچییەك كە تووشی موسڵمان دێت لە: ماندوویی‌و ناڕەحەتیی‌و مەراق‌و خەفەت‌و ئازارو خەم ـ تەنانەت دڕكێ كیش كە بە پێ یدا دەچێت ـ خوا بەو شتانە لە گوناهی هەڵدەوەرێنێت.

---

[٣١] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخارى, كتاب المرضى)، باب: (١)، فەرموودەی ژمارە: (٥٦٤١) و (٥٦٤٢). (صحيح مسلم), كتاب البر والصلة والآداب)، باب (١٤)، فەرموودەی ژمارە: (٢٥٧٣).

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

**یەکەم:** ئەم فەرموودەیە لایەنێك لە سۆزو میهرە بانیی خوای گەورە بۆ بەندە موسڵمانەکانی دەردەخات، ئەویش ئەوە یە لە دوذ یادا بەو ناڕەحەتییا نەی دێ نە رێ یان، لە ما ندووبوون، نەخۆ شی، خەمو ناڕەحەتی، ئازارو هەرچییەکی تر کە بێتا قەتیان دە کات، لە سزای گوناهیان کەم دەکاتەوە، واتە دەیانکاتە کەفارەت بۆیان.

**دووەم:** دیارە جۆری گوناهو جۆری لێخۆشبوونەکە ڕەها نیە، چونکە ووشەی (خطایا) گوناهە گەورەکان ناگرێتەوە، ئەوانەی تۆبەی تەواوو (نەصوح) یان دەوێ. هەروەها ئەو تاوانا نەش ناگرێ تەوە کە حەقی خەڵکییان تێدایە، دەبێ حەقی خاوەن حەقان بگێڕرێنەوە، وە گەرنا هیچ شتێك قەرەبووی ناکا تەوە. هەروەها ئەو وردە گوناها نەش ناگرێتەوە کە خاوەنی بە تایبەتو بە دووبارەکرد نەوەو بەردەوام پەنایان بۆ دەباتو پاشان خۆی بە تەما دە کات کە بە نەخۆ شییەك یان ناڕەحەت یەك یان چاکەیەك کە دەی کات، خوا بیاذ سڕێتەوە. نەخێر، ئەم بەخششە خوایە بۆ ئەو کە سانەیە کە عەزمیان هە یە تاوان نەکەن، وە لێ جار جار لە بەر لاواز یی لەدە ستیان دەردە چێو تووشی دەبن، بەڵام یەکسەر پەشیمان دەبنەوەو لەخۆیان ناڕە حەت دەبن، وەك خوا دە فەرموێ: (یتو بون عن قر یب)، خوا بە ڕە حمی

خۆی، به نەخۆشیی‌و خەم‌و ناڕەحەتیی، قەرەبووی بەشێك لە تۆڵەی ئەو گوناهانەیان بۆ دەکاتەوە.

**سێیەم:** دەبێ ئەوەش بزانین ئەم خەڵاتە بۆ ئەو کەسانەیە کە بەو ناڕەحەتیی‌و خەفەت‌و تووشهاتانە ڕازین‌و بێوەفایی‌و ناشوکری لە ئاستیاندا ناکەن.

## فەرموودەی بیستو حەوتەم

## (پرسینەوەی دوارِۆژ لە چوار شتە: تەمەنو زانستو داراییو لاشە)

عن أبي بُرَدَة الأسلمي (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (لا تَزُولُ قَدَمَا عَبْدٍ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ عُمُرِهِ فِيمَ أَفْنَاهُ، وَعَنْ عِلْمِهِ فِيمَ فَعَلَ فِيهِ، وَعَنْ مَالِهِ مِنْ أَيْنَ اكْتَسَبَهُ وَفِيمَ أَنْفَقَهُ، وَعَنْ جِسْمِهِ فِيمَ أَبْلَاهُ)[٣٢].

**واتای وشەکان:**

قَدَمَا: دوو پێی. يُسْأَلَ: پرسیاری لێدەکرێت.

أفْناهُ: تەواوی کرد. اكْتَسَبَهُ: پەیدای کرد، دەستی خست.

أنْفَقَهُ:بەخشی. جِسْمِهِ: جەستەی، لاشەی.

أبْلاهُ: تاقی کردەوە.

**واتای کورتی فەرموودە:**

دوو پێی هیچ بەندە یەك لە پا شەرِۆژدا ناجوولێنو لەجێی خۆ یان ناترازێن، تا لە چوار شت پرسیاری لیَ نەکرێت:

لە تەمەنی: کە لە چیدا بەسەری بردووە؟.

لە عیلم و زانستی: کە لە چیدا بەکاری هێناوە؟.

لە سامانی: کە لە کوێوە پەیدای کردووەو لە چیدا بەخشیویەتی؟.

لە تەنو لاشەی خۆی: کە لە چیدا تاقی کردووەتەوە؟.

---

[٣٢] ئەم فەرمودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (جامع الترمذي، كتاب صفة القيامة)، باب: (١)، فەرمودەی ژمارە: (٢٤١٧).

## پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:

ئەم فەرموودەیە دیمەنی لێپرسینەوەی پاشەڕۆژمان بۆ وێنا دەکات، دەری دەخات کە چارەنووسی هیچ بەندەیەکی خوای گەورە بە لایەکدا ناکەوێت، تا لە چوار شت پرسیاری لێ نەکرێت: لە تەمەنی، لە زانستی، لە سامانی، لە لاشەی.

**یەکەم:** پرسیاری یەکەم دەربارەی تەمەنییەتی، کە لەچیدا بەسەری بردووە؟ ئایا لە ڕازیکردنی خواو جێبەجێکردنی فرمانەکانیو خۆلادان لە حەرام، یان بە پێچەوانەوە؟ ئایا لە نیەتی چاكو کاری چاكو گوفتاری چاکدا، یان پێچەوانەوە؟. ئەم بەشەی فەرموودەکە بایەخی سەرمایەی تەمەن بیری موسڵمان دەخاتەوە، بۆ ئەوەی وریا بێو کاتەکانی ڕۆژو هەفتەو مانگو ساڵی ڕێکبخاتو لە شتی بێهوودەدا بەفیڕۆیان نەدات.

لە هەندێك فەرموودەی تردا پرسیاری کاتی لاوییەتیشی هاتووە، دەفەرمویٚ : (وعن شبابه فيم أبلاه)؟ هەر لە صەحیحی (ترمذي)دا هاتووە واتە: دەربارەی سەردەمی گەنجێتیو لاوییەتیش پرسیاری لێ دەکرێ، کە لە چیدا بەسەری بردووە؟. ئەمەش دەکەوێتە ژێر بەشی تەمەنەوە.

**دووەم:** پرسیاری دووەم لەسەر زانستیەتی، چونکە زانستیش لای خوای گەورە لێپرسینەوەی لەسەرە، دیارە زانستیش ڕێژەییە، بەڵام

هەرکەس بەقەدەر توانای زانستیی خۆی، بەرپرسیاریی ڕووی تێدەکات. زانستیش لەسەر موسڵمان زەکاتی هەیە، دەبێ دەرکرێ، ئەویش بەوە دەبێ، کاری پێ بکات، لە جێی خۆیدا بەکاری بێنێ، بەشێکی دەبێتە ئەوە بیگەیەنێت بە کەسانی ترو نەیشارێتەوە. پێشینانمان گوتوویانە:

عیلم درەختە، عەمەل سەمەرە     عیلمی بێ عەمەل، باخی بێ بەرە

کەواتە زانستی بێ کردەوە لە پاشەڕۆژدا سوودی بۆ خاوەنی نیە، بەڵکو ڕەنگە زیانی هەبێت، چونکە باری گرانتر دەکاتو لێپرسینەوەی زیاتری لەگەڵە.

**سێیەم:** ماڵو داراییش لە دوو بواردا لێپرسینەوەی لەسەرە: لە بواری چۆنیەتی دەستخستنیو پەیداکردنیدا، هەروەها لە بواری چۆنییەتی خەرجکردنیدا. لە بواری یەکەمدا بڕوادار دەبێ وریا بێت، لە ڕێی حەڵاڵەوە پەیدای کات، دوور بێت لە دزیو گزیو دەستبڕی، یان سوێندخواردنی ناهەق، یان سووخۆریی، یان ئیحتیکارو شاردنەوەو گرانفرۆشیی، یان فێڵکردنو چاوبەستی خەڵکیو..هتد، ئەمانە هەموو لێپرسینەوەیان لەسەرە.

لە بواری دووەمیشدا پرسینەوە هەیە: چۆن سەرفت کرد؟ ئایا لە شتی بەسووددا خەرجت کرد، یان نا؟ ئا یا بە شی موحتاجا نت لیٚ دەر کرد؟

ئاخر ماڵو سامان سپاردەی خوا یە لای مرۆڤ، خوا لەو سپاردەیە هەقی کەسانی تری داوە، دەبێ لە ڕێی زەکاتو خێرەوە دەرکرێت.

هەروەها پرسینەوە هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا سامانت بەفیڕۆ دا یان نا؟ (ئیسراف) و (تبذیر) وا تە زیادەڕەوی‌و بەفیڕۆدان، ئەوە حەرامەو لێپێچانەوەی لەسەر دەکرێ.

جگە لەوەی کە موسڵمانی ساماندار پێویستە بزانێ کە سامانی خۆی دە بێ لە خزمەتی کۆمەڵگەدا بێ‌و نەی شارێتەوەو ( کەنز)ی نەکاتو بیخاتە کار بۆ سوودی گشتی، چونکە لە خستنەکاریدا هەم سامانەکەی گەشە دەکات، هەم کۆمەڵگە لێی سوودمەند دەبێت.

**چوارەم:** پرسیاری چوارەمیش لەسەر جەستەو لاشەیە، ئاخر لاشەی مرۆڤیش سپاردەو ئەمانەتێکی تری خواییە، موسڵمان بەرپرسیارە لە پاراستنی‌و گەشەپێدانی، هەروەها بەرپرسیارە لەوەی کە لە چیدا جەستەی ماندوو دەکات، بۆچی بەکاری دێنێت؟ دەبێ هاوکات لەگەڵ پاراستنی لاشەی لە ڕووی تەندروستییەوە، لە شتێتکدا بەکاری بهێنێ کە سوودی دنیاو پاشەڕۆژی خۆی‌و کۆمەڵگەی تێدا بێت.

بەڕاستی ئەم فەرموودەیە یادخەرەوەیەکی بەهێزە بۆ مرۆڤ، بۆیە ئامۆژگاریی خوێنەر دەکەم لە بەری کاتو جارو بار کۆڕی دۆستو برادەرانو خێزانی پێ گەرم بکات، چونکە گرنگترین وێستگەکانی ژیانی تێدایەو یادخەرەوەیەکی باشە بۆ دەستخستنی تۆشەی پاشەڕۆژ.

## فەرموودەی بیستو هەشتەم

## (جۆرو بەشەکانی صەدەقەو خێرکردن)

عن سعيد بن أبي بُرَدَة بن أبي ويس الأشعري، عن أبيه، عن جدّه، قال: قال النبي (ﷺ): (عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ صدَقَةٌ، قَالوا فَإِنْ لَمْ يَجِدْ؟ قَالَ: يَعْمَلُ بِيَدَيْهِ، فَيَنْفَعُ نَفْسَهُ وَيَتَصَدَّقُ. قَالُوا: فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ؟ قَالَ: فَيُعِينُ ذَا الْحَاجَةِ الْمَلْهُوفَ. قَالُوا: فَإِنْ لَمْ يَفْعَلْ؟ قَالَ: فَيَأْمُرُ بِالْخَيْرِ أَوْ قَالَ بِالْمَعْرُوفِ. قَالَ: فَإِنْ لَمْ يَفْعَلْ؟ قَالَ فَيُمْسِكُ عَنْ الشَّرِّ، فَإِنَّهُ لَهُ صدَقَةٌ)[٣٣].

**واتای وشەکان:**

صَدَقَة: خێروبەخشین.

ذا الحاجَة: نیازمەند.

المَلْهُوف: هانابەر، پەناخواز.

**واتای کورتی فەرموودە:**

هەموو مو سڵمانێك خێرکردنێ کی لە سەرە، وتیان: ئەی ئەگەر نەیبوو؟ فەرمووی: بەدەستی خۆی ئیش بکاتو سوود بە خۆیو غەیری خۆی بگەیەنێ، وتیان: ئەی ئەگەر نەیتوانی؟ فەرمووی: یار مەتی خەڵکی لێ قەوماوی موحتاج بدات، وتیان: ئەی ئەگەر

---

[٣٣] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاري, كتاب الزكاة)، باب: (٣٠)، بە ژمارە: (١٤٤٥). هەروەها (كتاب الأدب)، باب (٣٣)، بە ژمارە: (٦٠٢٢). (صحيح مسم, كتاب الزكاة)، باب: (١٦)، بە ژمارە: (١٠٠٨).

نەیتوانی؟ فەرمووی: فەرمان بە چاکە یان خێر بکات، وتیان: ئەی ئەگەر نەیکرد؟ فەرمووی: خۆی بگرێ لە خراپەکردن، ئەوە خۆی چاکەکردنو (صەدەقە)یە!.

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

**یەکەم:** پێغەمبەر (ﷺ) لەم فەرموودەیەدا بڕوادار فێر دەکات کە ئیجابی بێو هەردەم لە چاکەکاریدا بژی. بە ماڵو سامانی، بە کارکردنو هەوڵی دەستخستنی سامان، بە یارمەتیدانی لێقەوماوان، بە قسەو گوفتاریو فرمانکردنی بە چاکە، تەنانەت بە خۆلادانی لەشەڕو خراپە. واتە ناکرێو ناگونجێ موسڵمان نەتوانێ لە خێردا بژی، چونکە بە دڵو بە دەستو بە زمانو بە سامانی، دەکرێ لە خێردا بژی، یەکێکیانی پێ ناکرێ، دەکرێو دەتوانێ یەکێکی تریان ئەنجام بدات. ئەگەر سامانداره بە خێرو صەدەقە، ئەگەر خوێندەوارە بە زانستو فێرکردنی خەڵکی، ئەگەر دەسەڵاتێکی هەیە بە یارمەتیدانی خەڵکی، ئەگەر هەستی مەسئولیەتو غیرەتی دینداریی هەیە بە فرمان بە چاکەو بانگەواز بۆ ئیسلام.. خۆ ئەگەر هیچ کام لەوانەی ـ وەك پێویست نیە ـ بەلای کەمەوە دەتوانێ خۆی لەشەڕو خراپە لا بدات!.

**دووەم:** لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (ﷺ) تێگەیشتنێکی هەڵە ڕاستدەکاتەوە، کە لە پرسیاری ئامادەبووانەوە دەرکەوتووە، کاتێك

فەرمووی: لە سەر هەموو مو سڵمانێك پێوی ستە ( صەدەقە) بکات، عەرزیان کرد: ئەگەر نەیبوو، یان نەیتوانی؟ ئەویش فێری کردن کە (صەدەقە)و کاری خێر مەرج نیە هەر لە ماڵو ساماندا بێت، بۆ یە مەوداو بوارە فراوانەکانی خێرو چاکەکاریی بۆ ڕوونکردنەوە، کە (قسەو گوفتار)، (هەڵوێستو کردار)، (یارمەتیدان)و ( خۆلادان لە خراپە)ش دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی هەموو کەس بەشدار بێو بتوانێ بە شێوەیەك لە شێوەکان لە خێردا بژی.

**سێیەم:** لە ڕیزبەندییە کەی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بایەخی گرنگیدان بە کاروکاسپی دەردەکەوێ، بەڵام کاسپییەك کە مرۆڤ لە گەڵ سوودگەیاندن لەبیری دەستکورتانی کۆمەڵگەکەشیدا بێت، (ينفع نفسه ويتصدّق): سوود بە خۆی بگەیەنێو بشبەخشێ. پاش ئەوە بایەخی هەڵگرتنی خەمی خەڵکیو دڵسۆزیی بۆ لێقەوماوان دەردەکەوێ، کە تەنانەت خستوویەتە پێش فەرمان بە چاکە، چونکە ئەمەیان قسەو گوفتارەو ئەویان کارو هەڵوێستە.

**چوارەم:** ڕستەی (على كل مسلم صدقه) کە واجبو پێویستیی دەگەیەنێ، لە هەمان کاتدا سوننەتیش دەگەیەنێ، واتە: هەر موسڵمانێك جۆرە ( صەدەقە)یەکی لە سەرە، بەپێی توانای خۆی، وەك دەگوترێ: لە زۆر زۆرو لە کەم کەم، لە واجب واجبو لە سوننەت سوننەت. دیارە ئەو پلەبەندییەش لە کەس بۆ کەس، لە ڕادەی لێهاتن

بۆ ڕادە یەکی تر، لە حا ڵەتی کە سەکەش بۆ حا ڵەتی تر، لە کاتو ساتێکیش بۆ کاتو ساتێکی تر، لە جێیەك بۆ جێیەکی تر، دەگۆڕێت.

بۆ نموو نە: لە کاتی بوونی کە سێکی پێگیراوی لیٚ قەوماودا، بەدەمەوەچوونی ئەو کەسە لە هەموو چاکەیەك خێر ترە. لە کاتی بینینی کارێکی ناڕەوادا قەدەغەکردنی - بەپێی توانا- چاکترو خێر ترە. لە کاتی دیارنەبوونی کارێکی پەسەندو چاکدا بیرخ ستنەوەیو فر مان پێکردنی، لە هەموو شتێك چاکترە.. وە هەروەها.

**پێنجەم:** و شەی ( مەعروف) لای زۆر بەی زانا یان، وا تە: هەر شتیٚ پەسەندو گونجاوی شەرعو عەقڵ بێت، لەبەر ئەوە کرابیٚ بە (عورف)و نەریت. وشەی (شەڕ) یش واتە هەر شتیٚ لە شەرعدا قەدەغە کرا بیٚو بەخراپ زانرابیٚ، وشەی(خەیر)یش دەبێتە بەرامبەرەکەی، ئەو شتەیە خواو پێغەمبەر (ﷺ) فرمانیان پیٚکردبیٚو بەبا شیان زانیب ێت. بۆ یە دە بیٚ بڕوادار پ ێودانگی کێ شانی ئەو زاراوا نە بزا نیٚو بەو پ ێەیش نموونەکانیان بێنێتە بەرچاوی.

## فەرموودەی بیستو نۆیەم

## (ئاسانکاریيو میانەڕەویی لە ئایندا)

عن أبي هريرة (ﷺ)، عن النبـي (ﷺ) قال: (إنَّ الدِّينَ يُسْرٌ، ولَنْ يُشَادَّ الدِّينَ أحَدٌ إلَّا غَلَبَهُ، فَسَدِّدُوا، وَقَارِبوا، وَأَبْشِرُوا، وَاسْتَعِينُوا بِالْغَدْوَةِ وَالرَّوْحَةِ وَشَيْءٍ مِنْ الدُّلْجَةِ).[٣٤]

**واتای وشەکان:**

يُسْرٌ: ئاسان.، بێ گرێ.

سَدِّدُوا: ڕێكو ورد بن، نیشانەپێك بن.

قارِبُوا: نزيك كەونەوە.

أبْشِرُوا: مژدەدەرو گەشبين بن.

الغَدْوَة: ڕۆشتنی سەر لەبەیانی.

الرَّوْحَة: ڕۆشتنی ئێواران.

الدُّلْجَة: ڕۆشتنی شەوان.

---

[٣٤] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاری, كتاب الإيمان)، باب: (٢٩)، بە ژمارە: (٣٩)، لە چەند جێیەكی تریش بە كەمێك جیاوازیی هاتووە.

**واتای کورتی فەرموودە:**

بە ڕاستیی ئاین، ئاسانو ئاسانکارو بێ گرێیە، هەر کەس لە گەڵ (ئاین)دا توند بێو بگرەو بەردە بکات، ئاین بە سەریدا زاڵ دە بێ. لەبەر ئەوە میانەڕەو بن، زیادو کەم مە چن، نیشانە پێك بن، لە دروستیی نزیك کەونەوە. گەشبینو مژدەدەر بن. پشت ببە ستن بە کاتە گرنگەکان بۆ کارو چالاکیی، وەك ڕێبوارێك بکەن کە بەرە بەیانو عەسرانو بەشێك لە شەو بەڕێ دەکەوێت، ناشوەستێ، خۆشی ماندوو ناکاتو لەسەرخۆ گەشتەکەی دەکاتو دەگاتە جێ.

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

**یە کەم:** بڕگەی یە کەمی فەرموودە کە حەقیقەتێکی قورئانیی ڕوون دەکاتەوە، کە خوا ئاینی ئاسان کردووە، کە دە فەرموێ: (وَما جَعَلَ عَلَيكم في الدين من حَرج)، یان دە فەرموێ: (يريد الله بكم اليسر، ولا يريد بكم العسر). بۆ یە ئەم فەرموودە یە دووپاتی دەکا تەوە کە هەرکەس بە توندیی لەگەڵ ئەم ئاینە مامەڵە بکات بەرگەی ناگرێت. عە سقەلانی لە ڕاڤەکرد یدا دەڵێت: "وا تە هەر کەس لە کارە ئاینییەکانیدا زۆر ڕۆچوو و زیادەڕەوی کردو ئاسانکاریی واز لێ هێنا، ئەوە سەرەنجام عاجز دە بێو کۆڵ دەداو دە سەڵاتی بە سەر خۆیدا نامێنێت." پاشان دەڵێ: "مەبە ست لەم فەرموودە یە ئەوە نیە کە مرۆڤ بەدوای تەواوی پ لەی عیبادە تدا نەڕوات، ئەوە کارێکی

په سه‌نده، به‌ڵكو با سی له‌سه‌ر چوونی حاڵه‌تێكه كه مرۆڤ تووشی بێزاریی‌و بێتاقه‌تی بكات، یان زیاده‌ڕه‌ویی له كارێكی خۆبه‌خشیدا كه ببێته هۆی ته‌رككردنی كاری چاكترو گه‌وره‌تر."

هه‌روه‌ها ده ڵێ: " ئه‌م فه‌رمووده یه ئاماژه شی تێدا یه به‌وه‌ی موسڵمان سوود له مۆڵه‌تو ڕوخسه‌تی شه‌رعیی وه‌ربگرێت، چونكه هه‌ر پابه‌ندبوونێك به عه‌زیمه‌ته‌وه له شوێنێكدا كه سوود له ڕوخسه‌ت بخوازێ، ئه‌وه به‌تو ندڕه‌وی‌و (تنطّع)و ڕۆ چوونی نه‌خوازراو ده‌ژمێردرێ."[٣٥]

**دووه‌م:** (سدّدوا) فرمانه له (تسدید)، واته ڕێكپێكان، كه‌واته (سدّدوا) یانی: ڕێكڕه‌و بن، زیادو كۆتا مه‌چن، نیشانه بگرنه‌وه‌و چاك بپێكن!.

زماناسان ده‌ڵێن: (سَداد) واته: میانه‌ڕه‌ویی له‌كارداو ئه‌ملاو ئه‌ولا نه‌كردن.

**سێیه‌م:** هه‌ركه‌سیش توانای نه‌بوو به ته‌واویی ڕێك‌وپێك بێ، با هه‌وڵ بدات به پێی توانا نزیك بێته‌وه له‌و حاڵه‌ته. وشه‌ی (قاربوا) ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێ، واته هه‌تا ده‌توانن نزیك كه‌ونه‌وه له ئامانج، یانی ئه‌گه‌ر ئامانجیشتان به ته‌واوی نه‌پێكا، به‌لای كه‌م لێی نزیك ببنه‌وه. دیاره پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) داوا ده‌كات كه موسڵمان هه‌میشه ئیجابیی بێت.

[٣٥] بڕوانه: كتێبی (فتح الباری) شه‌رحی ئیبن حه‌جه‌ری عه‌سقه‌لانی، له سه‌ر كتێبی صه‌حیحی بوخاری، له ڕاڤه‌ی فه‌رمووده‌كه‌دا.

**چوارەم:** پێغەمبەر (ﷺ) لەم فەرموودە یەدا مو سڵمانی خواپەر ست کە ڕێی بەندەیی گرتووەتە پێش، دەچوێنێ بە ڕێبوارێکەوە کە ڕ ێی سەفەری لەپێشە، پێی دەفەرموێ: لە کاتی سەرەتای ڕۆژو لە پاش عەسران‌و شتێ لە شەویش، سەفەر بکەن. واتە: بەردەوام بەدر ێژایی شەوو ڕۆژ ڕێ مە کەن، چونکە بەر گە ناگرن. سوود لە کا تە گونجاوە کان وەربِ گرن‌و بە چالاکیی ڕێ بِ کەن، هاو کات لە گەڵ پشوودانەدا، درێژە بە سەفەرتان بدەن.

سەفەری بەندایەتیش بەرەو مەنزڵگەی ڕازیکرد نی خوا هەر وا یە، ئەگەر بێ وچان خەریك بن، بەرگە ناگرن‌و کۆڵ دەدەن. جا بۆ ئەوەی چالاکانە قۆناغەکانی ڕێی بەندایەتی ببڕن، لەسەرخۆ بن، کات دا بەش بکەن، بەرنامەی ڕێکردن‌و حە سانەوەتان با د یار بێ، هەروەك ئەو موسافیرو ڕێبوارەی باس کرا!.

## فەرموودەی سییەم

## (پلەی بەرزی ڕەوشتجووانیی)

عن عائشة (رضي الله عنها) قالت: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: (إِنَّ الْمُؤْمِنَ لَيُدْرِكُ بِحُسْنِ خُلُقِهِ دَرَجَةَ الصَّائِمِ الْقَائِمِ)[٣٦].

**واتای وشەکان:**

يُدْرِكُ: پێی دەگات.

دَرَجَةَ: پلە.

الصائِمِ: ڕۆژووەوان.

القائِمِ: شەوبێدار.

**واتای کورتی فەرموودە:**

بە ڕاستی مرۆڤی بڕوادار بە ڕەوشتی جوانی دەگاتە پلەی کەسێکی ڕۆژووگری شەوبێدار، (واتە: ئەو کەسەی هەمیشە ئەوە کارییەتی).

---

[٣٦] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (سنن أبي داود, كتاب الأدب)، باب: (٧)، بە ژمارە: (٤٧٩٨)، هەروەها: (ابن حبان) لە صەحیحەکەیداو (حاکم)یش گێڕاویانەتەوە.

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

ئەم فەرمووده یه پ لەو پا یەی بەرزی ڕەو شتجوانیی لای خوای گەورە دەردە خات. فێر مان دە کات کە ئە گەر مو سڵمان ڕەو شتی لەگەڵ خەڵکی جوان بێ، پلەی کەسێکی هەیە ڕۆژوگرەو شەوبێداریش دەکات، زانا یان دە ڵێن: "بۆ یە خوا ئەم فەزڵە گەورە یەی داوە بە کە سی ڕەو شتجوان، هەروەك ڕۆژو گری شەوبێدار، چونکە کە سی ڕۆژو گرو شەوبێدار تەنها هەوڵو موجا هەدەیان لە گەڵ نەفـ سی خۆیاندایە، واتە: ڕووبەڕووی ئارەزووە نەخوازراوەکانی یەك دەروون دەبـ نەوە، کە دەروو نی خۆیا نە، بەڵام کە سێك کە لە گەڵ خەڵکی ڕەوشتی جوان بێت ـ بەو هەموو جیاوازییەوە کە لە نـێوان تەبیـعەتو ڕەو شتی خەڵك یدا هە یە ـ وەك ئەوە وا یە موجا هەدەو ململانـێی چەندین دەروونی جیاجیا بکات."[٣٧]

دیارە ئەم فەرموودەیەو هاوشێوەکانی کە موسڵمان ها ندەدەن بۆ ڕەوشتبەرزیی لەگەڵ خەڵکی، پایەیەکی سەرەکیی سیستمی کۆمەڵا یەتیی ئـیـ سلام پـێ کدێننو بەڵ گەن لە سەر بایە خدانی ئاینی ئـیـ سلام بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

---

[٣٧] عون المعبود على سنن أبي داود، أبو عبد الرحمن، محمد أشرف العظيم آبادي، بيت الأفكار الدولية، الرياض، ص: ٢٠٨٤.

## فەرموودەی سی‌و یەکەم

## (دەربارەی تووڕەیی)

عن أبي هريرة (رضي الله عنه)، أن رجلاً قال لـلنبي (ﷺ): أَوْصِنِي، فَقَالَ: (ﷺ): (لَا تَغْضَبْ)[38].

**واتای وشەکان:**

أَوْصِنِی: ڕامسپێرە، ئامۆژگاریم بکە.

لا تَغْضَبْ: هەڵمەچۆ، تووڕە مەبە.

**واتای کورتی فەرموودە:**

پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا، عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا! ئامۆژگاریم بکە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: تووڕە مەبە.

[38] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاري, كتاب الأدب)، باب: (٧٦)، بە ژمارە: (٦١١٦). (جامع الترمذي, كتاب البر والصلة)، باب: (٧٣) بە ژمارە: (٢٠٢٠).

## پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:

**یەکەم:** ئەم فەرموودەیە ڕونکەرەوەی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزە کە لە ڕیزی ڕەوشتە پێویستەکاندا بۆ مرۆڤی موسڵمان، باس لە خۆڕاگرییو خواردنەوەی تووڕەیی دەکات، بۆ نموونە قورئان لە سورەتی (شوری)دا ـ لە وەصفو پێناسی بڕواداراندا ـ دەفەرمویٚ: (وإذا ما غَضِبُوا هم يَغفِرون)، یان دەفەرمویٚ: (وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ)، (آل عمران/ ١٣٤).

**دووەم:** هەندێك لە زانایان فەرموویانە: "کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: تورە مەبە، مەبەستی بووە کە مرۆڤ لە هۆکانی تورەبوون خۆی بپارێزیٚ، چونکە تورەیی لە سروشتی زۆر کەسدا هەیە." هەندێکیش فەرموویانە: "تورەیی کەسێك لە فیزو خۆبەزلزانییەوە سەرچاوە دەگریٚ، ئەگەر مرۆڤ خاکییو بیٚ فیز بیٚ، تووڕە نابێت."[٣٩]

**سێیەم:** دیارە تووڕەیی یەکێکە لەو حاڵەتە خراپانەی مرۆڤ دووچاری گرفتی زۆر دەکات، تەنانەت پەردە بەسەر ژیریی مرۆڤیشدا دێنیٚو دووچاری چەندین ڕەوشتی ناپەسەندی تری دەکات، وەك: ناهەقیی، سووك سەیرکردنی کەسانی دی، خۆ بەزلزانین، بیٚ عەدالەتیی.. هتد.

---

[٣٩] فتح الباري، شرح صحيح البخارى، ابن حجر العسقلاني، بيت الأفكار الدولية، الرياض، (٣/٢٦٨١).

## فەرموودەی سیو دووەم

## (دەربارەی پاکو خاوێنیی لە خواردنو پۆشاکدا)

قال رسول الله (ﷺ): (أَيُّهَا النَّاسُ، إِنَّ اللَّهَ طَيِّبٌ لا يَقْبَلُ إلا طَيِّبًا، وَإِنَّ اللَّهَ أَمرَ الْمُؤْمنِينَ بِمَا أَمرَ بِه الْمُرْسَلِينَ فَقَالَ: (يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنْ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ)، وَقَالَ:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ)، ثُمَّ ذَكَرَ الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ، أَشْعَثَ، أَغْبَرَ، يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ: يَا رَبِّ، يَا رَبِّ، وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ وَغُذِّيَ بِالْحَرَامِ، فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لَهُ)؟!.[٤٠]

**واتای وشەکان:**

طَيِّب: پاکو بێگەرد.

صالِح: کاری چاکو پەسەند.

أَشْعَث: پژنو مواوی.

أَغْبَر: تەپو تۆزاوی.

يَمُدُّ: درێژ دەکات.

السّماء: ئاسمان.

مَطْعَمُهُ: خوراکی

مَشْرَبُهُ: خواردنەوەی.

---

[٤٠] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح مسلم, كتاب الزكاة)، باب: (١٩)، بە ژمارە: (١٠١٥).

**واتای کورتی فەرموودە:**

ئەی خەڵکینە! بەڕاستیی خوا خاوێنەو هەرچی خاوێن نەبێت وەری ناگرێت.

بەڕاستیی خوا ئەو فەرمانەی کە بەسەر پێغەمبەرانیدا داوە بەسەر موسڵمانانیشدا داویەتی. فەرمویەتی: ئەی پێغەمبەران! لە شتە پاكو خاوێنەکان بخۆن و کاری چاك بکەن.

هەروەها فەرموویەتی: ئەی بڕواداران! لەو شتە پاكو خاوێنانە بخۆن کە پێمان داون.

پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی کەسێکی کرد کە لە سەفەردا زۆری پێ دەچێو سەروپرچی هاتووەو تەپو تۆزاوییە، دوو دەستی بەرەو ئاسمان بەرزدەکاتەوەو (دەڵێت): ئەی پەروەردگارم! ئەی پەروەردگارم! لە کاتێکدا کە خواردنو خواردنەوەی حەرامەو بە حەرام تێر کراوە، هەروەها جلوبەرگی حەرامەو بە حەرام پەیدای کردووە، ئیتر چۆن پاڕانەوەی گیرا دەبێت، چۆن وەڵام دەدرێتەوە؟.

## پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:

**یەکەم:** ئەم فەرموودەیە بەشێك لە ژیانی ئاسایی موسڵمان ڕێك دەخات، تەنانەت پێشەوا نەوەوی دەڵێ:" ئەم فەرموودەیە یەکێکە لە بناغەکانی ئیسلامو بنەماکانی ئەحکامو لە بەشێکدا چل فەرموودەی کۆ کردۆتەوە."[٤١]

**دووەم:** مەبەست لە (طيّب) بۆ وەصفی خوای گەورە، واتای پاکیی‌و بێگەردییە لە هەموو ناتەواوییەك. واتە چونکە خۆی پاكو بێ گەردە، کارێکیشی دەوێ کە پاكو خاوێن بێت، لە ڕووی دەرەکییەوە پاكو خاوێن‌و دروست بێت، لە ڕووی ناوەوەش دڵسۆزیی تێدا بێ‌و بۆ خوا بێت‌و ڕیابازیی تێدا نەبێت.

**سێیەم:** فەرموودەکە داوادەکات کە موسڵمانان پێڕەوی لە پێغەمبەران بکەن (عليهم السلام)، لە پاکخۆریی‌و چاکەکاریی‌و لە بژێوییاندا، ڕزقی پاكو حەڵاڵ بخۆن، لە هەڵس وکەوتیشیاندا وەك ئەوان چاکەکار بن.

**چوارەم:** لە بەشێکی تری فەرموودەکەدا خواپەرستیی‌و عیبادەت دەبەستێتەوە بە ڕێكوپێکی ژیان‌و پاكو خاوێنییەوە، هەم پاكو خاوێنیی دیمەن‌و دەرەکیی، هەم پاکیی دڵ‌و دەرون‌و کردەوە. بۆیە ئاماژە دەکات کە کەسێك دەچێتە سەفەری توولانیی‌و تۆزاویی‌و

---

[٤١] المنهاج في شرح صحيح مسلم بن الحجاج، محي الدين النووي، بيت الأفكار الدولية، الرياض، ص: (٦٤٤).

شەکەتو شێواوەو دەستی پان دەکاتەوە بۆ ئاسمانو داوای یارمەتی دەکات، لە کاتێکدا خواردنو خواردنەوەو پۆشاكو خۆراکی حەرامە، چۆن دوعاو پاڕانەوەی وەردەگیرێت؟

**پێنجەم:** کەواتە دەبێ پاکیی دەرونو بێروونو دەرو ناو، یەکبگرن، ئەوسا خوا لە بەندەی خۆی ڕازییە، ئەوسا پاڕانەوەی لێ وەردەگرێ، نابێ بە ناوی نیازپاکییو دڵسافییەوە چ ڕەوشتی ناپەسەند، چ چڵكو چەپەڵی لاشە بە موسڵمانەوە دیار بێت. دیارە یەکێك لە هۆکانی وەرنەگیرانی پاڕانەوەو دوعا، فەرامۆشکردنی ئەم لایەنەیە.

## فەرموودەی سی‌و سێیەم

## (نزای فریشتەکان بۆ مرۆڤەکان)

عن أبي هريرة (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أن النبي (ﷺ) قال: (مَا مِنْ يَوْمٍ يُصْبِحُ الْعِبَادُ فِيهِ إِلَّا مَلَكَانِ يَنْزِلَانِ، فَيَقُولُ أَحَدُهُمَا: اللَّهُمَّ أَعْطِ مُنْفِقًا خَلَفًا، وَيَقُولُ الْآخَرُ: اللَّهُمَّ أَعْطِ مُمْسِكًا تَلَفًا)[٤٢].

**واتای وشەکان:**

يُصْبِحُ: ڕۆژ دەکاتەوە. مَلَكَان: دوو فریشتە.

يَنْزِلان: دێنە خوارەوە. أَعْطِ: ببەخشە.

مُنْفِق: بەخشەر. مُمْسِك: دەستنووقاو، نەبەخشەر.

تَلَف: فەوتان، تیاچوون.

**واتای کورتی فەرموودە:**

هەر شەوێك ڕۆژ لە بەندەکانی خوا دەبێتەوە، دوو فریشتە دێنە خوارەوە، یەکێکیان دەڵێت: خوایە! هەرکەس سامان دەبەخشێت‌و (صەدەقە) دەکات، ماڵی تری پێ بدە. ئەوەی تریشیان دەڵێت: خوایە، هەر کەس دەستی نووقاندووەو لە دارایی خۆی نابەخشێت، ماڵەکەی لە نێوبەرەو بیفەوتێنە.

---

[٤٢] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاري, كتاب الزكاة)، باب: (٢٧)، فەرموودەی ژمارە: (١٤٤٢). (صحيح مسلم, كتاب الزكاة)، باب: (١٧)، فەرموودەی ژمارە: (١٠١٠).

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

**یەکەم:** سەرەتا ئەم فەرموودەیە ڕوونکردنەوەیەکی تێدایە بۆ باسی مامەڵەو تەفاعولی فریشتەکان لەگەڵ مرۆڤ، کە لە قورئانیشدا ئاماژەی بۆ کراوە. هەندێ لە فریشتەکان ئەرکی پشتگیریی موسڵمانانو دوعابۆکردنیانو چاودێریکردنیان پێ سپێردراوە. ئەم فەرموودەیە ئاماژەیە بە بەشێك لەو پەیوەندییە شاراوەو مەلەکوتییەی نێوان فریشتەو مرۆڤەکان.

**دووەم:** خوای گەورە ئەم دوو فریشتەیەی ڕاسپاردووە، یەکێکیان بە دۆعاکردن بۆ خێرۆمەندان، دووەمیان دژ بە دەستنوقاوانو ڕەزیلان، یەکەمیان دوعای زیادبوون دەکات بۆ ماڵی کەسێك بەخششی زۆرەو خێرات دەکات، دووەمیشیان دوعای فەوتاندنو تیاچوونی سامانی کەسێك دەکات کە بە ناهەق دەست دەگرێتەوەو ڕژدو بێ خێرە.

**سێیەم:** بەشێك لەوەی ئەم فەرموودەیە دەیگەیەنێت دووپاتکردنەوەی ڕاستییەکە کە خێرو صەدەقەو بەخشین، نەك هەر لە ماڵو سامان کەم ناکاتەوە، بەڵکو زیاتری دەکاتو پیتو بەرەکەتی تێدەخات، پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکی تریدا فەرمویەتی: (ما نقص مال من صدقة)،[٤٣] واتە: سامان بە بەخشین کەم ناکات. هەر ئەمەش

---

[٤٣] صحيح مسلم، كتاب البر والصلة والآداب، باب استحباب العفو والتواضع، بە ژمارە: (٢٥٨٨).

دووپاتکردنەوەی واتا جوانەی (زەکات)ە، کە هاوکات لەگەڵ تەزکیەو پاککردنەوەی دەروون‌و گەشەپێدانی خەسڵەتە باشەکانی مرۆڤ، گەشە بە سامانیشی دەدات، بە زیادبوونی پیت‌و فەڕو بەرەکەت تێیدا.

بە پێچەوانەشەوە، کەسی سامانداری ڕژدو دەست نوقاو، دوعای ئەو فریشتە مەئمورە لە هەقیدا گیرا دەبێ‌و فەڕو پیت لەماڵیدا نامێنێ‌و سامانەکەی لە چەندین بواری گرفت‌و نەخۆشیی‌و کێشەی چاوەڕواننەکراوو حساب بۆ نەکراودا خەرج دەکات.

قورئان ئاماژەی بەم سەرنجە کردووەو دەفەرموێ: (فأما من أعطى واتقى، وصَدَّق بالحسنى، فَسَنُيَسِّرُهُ لليُسرى، وأما من بَخِلَ واستغنى وكَذَّبَ بالحسنى فَسَنُيَسِّرُهُ للعُسرى).

## فەرموودەی سی‌و چوارەم

## (دەربارەی سامانبەخشین)

عن الحارث بن سويد (رضي الله عنه)، قال: قال عبد الله بن مسعود (رضي الله عنه)، قال النبي(صلى الله عليه وسلم): (أَيُّكمْ مَالُ وَارِثِهِ أحبُّ إِلَيْهِ مِنْ مَاله؟ قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا مِنَّا أَحَدٌ إِلَّا مَالُهُ أَحبُّ إِلَيْهِ، قَالَ: فَإِنَّ مَالَهُ مَا قَدَّمَ وَمَالُ وَارِثِهِ مَا أَخَّرَ)[٤٤].

**واتای وشەکان:**

أَيُّكُم: کێ لە ئێوە؟

وارث: میراتگر.

قَدَّمَ: پێشی خست. أَخَّرَ: دوای خست.

**واتای کورتی فەرموودە:**

چ کەسێك لە ئێوە، ماڵی میراتبەرەکەی لە ماڵی خۆی لە لا خۆشەویستترە؟ وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! هەموومان ماڵی خۆمان لە لا خۆشەویستترە تا ماڵی میراتبەر، فەرمووی: دەی بەڕاستی هەموو کەس ماڵی خۆی ئەوەیە کە پێشی خۆی خستووەو بەخشیویەتی، ماڵی میراتبەرەکەشی ئەوەیەکە هێشتوویەتیەوە. (چونکە بۆ ئەو بەجێ دەمێنێت!).

---

٣٨ ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوەیەدا هاتووە: (صحيح البخاری, کتاب الرقاق)، باب: (١٢)، بە ژمارە: (٦٤٤٢).

## پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:

**یەکەم:** ئەم فەرموودەیە سەرەتا ئەوەمان فێردەکات کە خاوەنداریێتیی بۆ سامان لە دونیادا جۆری ڕاستەقینەو حەقیقی هەیەو جۆری مەجازیشی هەیە. خاوەنی حەقیقیی‌و ڕاستەقینەی سامان تا لە ژیاندایە، ئەو کەسەیە کە ئێستە خاوەنیەتی، نیسبەتدانیشی بۆ میراتگران مەجازییە، بەڵام بە مردنی خاوەنە حەقیقییەکەی، ئەو سامانە دەبێتە موڵکی میراتگران.

**دووەم:** لێرەوە دەبێ مرۆڤی موسڵمان لەوە تێبگات کە تەمەنی دیاریکراوەو سنووردارە، بۆیە خاوەنداریێتیشی بۆ ماڵ‌و سامان کاتییە. هەر لەبەر ئەمەش نابێ زۆر دڵی بە ماڵی دونیاوە ببەستێ‌و وا بزانێ هەتاهەتایە خۆی خاوەنیەتی، چونکە مادام وەك سپاردەیەك وابێ‌و میراتگرانی چاوەڕێی مەرگی بکەن، چاکتر وایە بۆ خۆی سوودی لێ وەربگرێ، واتە پاشەکەوتی لێبکات، ئەویش بە زەکاتدان‌و خێرکردن‌و یارمەتیی هەژاران‌و نەداران، چونکە ئەوەی لەم ڕێیەدا دەیبەخشێ (ڕەصید)و سەرمایەیە، ئەوەشی دەستی تێی ناچێ‌و دەیهێڵێتەوە، ئەوە بۆ کەسانی تری دوای خۆی حەشار دەدات، بەبێ ئەوەی زۆر ئاگای لەخۆی بێت!.

**سێیەم:** کەواتە ئەگەر کەسێك زۆر ماڵ‌و سامانی خۆیشی خۆش بوێت، دەبێت بەم جۆرەو لەم ڕوانگەیەوە بیر بکاتەوە: (مالُهُ ما قدَّم،

ومالُ وارِثِهِ ما أَخَّر): چی ببەخشێ ئەوە تۆشەیەو پێش خۆی ناردوویەتی، بۆ ژمارەحسابی وننەبووی پاشەڕۆژی. کامیشی بێڵێتەوەو دەستی تێی نەچێ، ئەوە مۆڵی دەکاتو ئامادەی دەکات بۆ کەسانی دوای خۆی لە میراتبەرانو خاوەن بەشەکانی دوای خۆی، بە کاشیی بۆیان دادەنێ.

## فەرموودەی سی‌و پێنجەم

## (دەربارەی پارێزکاریی‌و خۆپارێزیی)

عن عطية السعدي (رضي الله عنه)، قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): (لا يَبْلُغُ الْعَبْدُ أَنْ يَكُونَ مِنْ الْمُتَّقِينَ، حَتَّى يَدَعَ مَا لا بَأْسَ بِهِ، حَذَرًا لِمَا بِهِ الْبَأْسُ)[٤٥].

**واتای وشەکان:**

لا يَبْلُغُ: ناگات.

المُتَّقين: لەخواترسان.

يَدَعَ: وازی لێبێنێت.

بَأْس: گرفت، نارەحەتیی.

**واتای کورتی فەرموودە:**

بەندەی خوا ناگاتە رادەیەك کە بچێتە ریزی لەخواترسان‌و (موتتەقی)یەکان، تاکو واز لەو شتانە بێنێت کە لە رووی شەرعییەوە گیروگرفتیان لەسەر نیە، لە ترسی ئەوەی کە نەبێت بە تووشی ئەو شتانەوە کە لە رووی شەرعییەوە ناپەسەندن.

---

[٤٥] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (جامع الترمذي, كتاب صفة القيامة والرقائق والورع)، باب: (١٩)، بە ژمارە: (٢٤٥١)، بە سەنەدی (حسن غريب). (سنن ابن ماجه, كتاب الزهد)، باب (٢٤)، بە ژمارە: (٤٢١٥). هەروەها (حاكم) گێراویەتەوە.

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

**یەکەم:** ئەم فەرموودەیە دەری دەخات کە گەیشتن بە پلەی (متّقین)و لەخواترسان، هەوڵی دەوێ. دەبێ هەر عەبدێکی موسڵمانیش خولیای ئەمەی هەبێ کە بگاتە پلەی پارێزگاران‌و لەخواترسان. خوای گەورە دەفەرموێ: (یا أیها الذین آمنوا اتقوا الله حق تقاته).

**دووەم:** پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕونکردنەوەیەکیدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە زۆرێك لە کەسانی لەخواترس بۆی دەگەڕێن، پرسیاری: چۆن بگەین بە پلەی (متّقین)و پارێزگاران؟ دەفەرموێ: لە ترسی ئەوەی نەکەویتە داوی حەرام‌و هەڵەو تاوانەوە، خۆت لە زۆر شت بپارێزە، تەنانەت لەوەش کە ڕەواو حەڵاڵە، بەڵام ترسی لێ دەکرێ. لە فەرموودەی تردا پێغەمبەر (ﷺ) چواندوویەتی بە شورەو سیاجی باخچەوەو فەرموویەتی: ئەوی لێی نزیك بێتەوە، ترس هەیە تێی بکەوێ، وەك دەفەرموێ: (مَنْ حامَ حول الحِمى يوشَك أن يَقَعَ فيه)..

هەندێك جار بەو شتانە کە مرۆڤ لە حەرام نزیك دەکەنەوە دەگوترێ (شُبُهات)، واتە شتانێکن بۆنی حەرامیان لێ دێت، یان گومانیان لێ دەکرێت مرۆڤ بەرەو حەرام ڕابکێشن. بۆیە لە ڕاستیدا زیادەڕەویی لە حەڵاڵیشدا ـ ئەگەر زیاد بوو ـ ئەو ترسەی لێ دەکرێت.

**سێیەم:** چاکتر وایە موسڵمان بە عەزیمەت بێ، بە دوای پلەی بەرزدا بگەڕێ. گەڕان بە دوای ڕوخسەت‌و ئاسانکاریی‌و حاڵەتە مۆڵەت

پێدراوەکاندا، نەکاتە پیشە. لە هەرلاو هەرکاتێ کارئاسانی هەبوو ـ بۆ مەسەلەی پەرستش‌و ئەحکام ـ بە پڕتاو بەدوایدا نەچێ‌و شلگیری نەکاتە پیشە. بەڵام بەشێوەی هاوسەنگ دەتوانێ لەزەت لە حەڵاڵ بەرێ‌و خۆی لە حەرام دوور بگرێ‌و سوودیش لە ڕوخسەتە شەرعییەکان وەربگرێت.

## فەرموودەی سی و شەشەم

## (مەترسی تێکەڵبوونی نامەحرەمانی خزم )

عن عقبة بن عامر (رضي الله عنه) أن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) قال: (إِيَّاكُمْ وَالدُّخُولَ عَلَى النِّسَاءِ. فَقَالَ رَجُلٌ مِنْ الْأَنْصَارِ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَفَرَأَيْتَ الْحَمْوَ؟ قَالَ: الْحَمْوُ الْمَوْتُ).[٤٦]

### واتای وشەکان:

إِيّاكُمْ: وریا بن، نەکەن، خۆلادەن.

النِّساء: ئافرەتان، ژنان.

الأنصار: پشتیوانان.

الحَمْو: کەسی نزیکی ژن بۆ مێرد، یان بە پێچەوانەوە.

المَوْت: مەرگ.

### واتای کورتی فەرموودە:

وریا بن! خۆتان لە چوونە لای ئافرەتان (بە تەنهایی) بپارێزن. پیاوێك لە یاریدەران فەرمووی: ئەی خزمی نزیکی ژن بۆ پیاوەکەی، یا بە پێچەوانەوە (واتە ماڵە خەزوورانی هەردوولا بۆ یەکتر، وەکو ژنخوشك بۆ پیاو، یا هێوەر بۆ ژن، حوکمی چۆنە؟) فەرمووی: ئەوە

[٤٦] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاري, كتاب النكاح)، باب: (١١١)، بە ژمارە: (٥٢٣٢). (صحيح مسلم, كتاب السلام)، باب: (٨)، بە ژمارە: (٢١٧٢).

هەر مەرگە. (واتە مەرگ لەو کارە چاکترە، یان ئەو کارە مرێنەرە). دیارە ئەوە دەگەیەنێت کە حوکمەکەی توندترە، چونکە حاڵەتەکە جێگەی گومان نیەو خەڵکیی تووشبوونی گوناه بۆ ئەو جۆرە کەسانە تا ڕادەیەك بە دوور دەزانن‌و بەو هۆیەوە شەیتان زیاتر لە کەمیندایەو ئاسانتر دزە دەکت‌و زەفەر دەبات.

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

**یەکەم:** ئەم فەرموودەیە ئاماژەی تێدایە بە بەشێك لە ئەحکامی پەیوەندیی نێوان ژن‌و پیاو. پەیوەندیی بە حاڵەتێکەوە هەیە کە لە عورفی شەرعیی‌و کۆمەڵایەتیی ئیسلامیدا پێی دەگوترێ: (خەلوە)، واتە: تاککەوتنەوەی ژن‌و پیاوێکی نامەحرەم بەیەکتر، لە شوێنێك کە چاوی کەسی سێیەمیان لەسەر نەبێت. کەواتە فەرموودەکە ئەو حاڵەتانە ناگرێتەوە کە ژنان‌و پیاوان لە کۆڕو شوێنی گشتیدا بەیەك دەگەن، وەك بازاڕو ناو پاص‌و ناو فرۆکەو ناو پارك‌و ناو مزگەوت‌و هەموو جۆرە کۆڕە گشتییەکان..

**دووەم:** فەرموودەکە بە توندیی قەدەغەی دەکات کە پیاوان بچنە لای ژنان بە تەنهایی، وشەی (إيّاكم) بۆ (تحذير)و داچڵەکاندنە، واتە: نەکەن کاری وا بکەن. لە فەرموودەی تردا هۆی ئەم قەدەغەکردنەی باسکردووە کە فەرموویەتی: هەر ژن‌و پیاوێ لە شوێنێکدا تاکبکەونەوە،

شەیتان سێیەمیانە، واتە دڵیان کرمۆڵ دەکاتو وەسوەسەیان بۆ دروست دەکات.

ڕەنگە هەزاران ڕووداوی کارەساتبار لە کۆمەڵگەکاندا ـ بە کۆمەڵگەی خۆشمانەوە ـ چەندین جار ئەم ڕاستییەی دووپات کردبێتەوەو لە دادگاکاندا دەیان کەیسی تایبەت بەم بوارە هەن.

**سێیەم:** ئەم فەرموودەیە لە وەڵامی هاوەڵێکی پێغەمبەردا، گرفتێکی تر چارەسەر دەکات کە بەداخەوە لە زۆربەی کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، ئەویش حاڵەتی خەڵوەتو تاکبوونەوەی خزمانی نامەحرەمە، وەك هێوەر بۆ ژنو ژنخوشك یان هاوشێوەکانیان بۆ پیاو. زۆرجار ئەم کەسانە تاك دەکەونەوە بۆ ماوەیەکی زۆر، یان سەفەری دوور پێکەوە دەکەن، گوایە خزمنو ترسیان لە یەکتر نیە، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) لەم فەرموودەیەدا ناوی ئەم حاڵەتەی ناوە بە (مەرگ)، واتە مردن باشترە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کاتێك ژنو پیاوێکی خزم ـ بەڵام نامەحرەم بە یەکترـ وەك ژنێك لەگەڵ هێوەریدا، یان پیاوێك لەگەڵ ژنخوشکیدا، پێکەوە بوون، چاودێریی لەسەریان کەمتر دەکرێو گومانی خراپیی بەرامبەریان کەمترە. کە ئەمە خۆی خۆی بۆ خۆی ڕێخۆشکردنێکە بۆ شەیتان، ڕەنگە لە زۆرێك لە کۆمەڵگەکاندا دەیان مەرافەو کێشەی کۆمەڵایەتیی دروست بووبێت، لە ئەنجامی ڕیعایەتنەکردنی ئەم حوکمە شەرعییەوە، سەرەنجام سنوری حوکمی

شەرع بەزێنراوەو ڕاستیی‌و دروستی ئەم بۆچوونەی پێغەمبەر (ﷺ) دووپات بۆتەوە. بۆیە موسڵمان لەم کاتەدا زیاتر خۆی لە خەڵوەت‌و تاکبوونەوە لەگەڵ کەسانی نزیکی نامەحرەمی خۆیدا دەپارێزێ، تا دڵنیاو دڵئارام بێ‌و تووشی وەسوەسە نەبێ‌و بێ خەم بێت.[47]

هەروەها ئەو خۆپاراستنە لەو حاڵەتە ئەو سوودەشی هەیە کە ڕێ دەگرێ لە چەندین کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتیی وەك: دڵپیسی‌و خانەگومانیی لە نێوان خێزانە خزمەکاندا، یان خیانەت، یان بێ متمانەیی.. هتد.

47 پێویستە خوێنەری بەڕێز چاوێك بخشێنێت بە کتێبە نایابەکەی (ألکسیس کاریل) بە ناوی (الإنسان ذلك المجهول)دا, کە بە کوردیش بڵاو کراوەتەوە. یان بەشێك لە نامیلکەکانی (پەیامی خوشکان) کە لە لایەن بەندەوە نووسراون‌و هەندێك لە نهێنییەکانی هەردوو ڕەگەزی (ژن‌و پیاو)م تێیاندا خستووەتە ڕوو، یان هەر کتێبێك بەشێوەی زانستیی باسی دەروونناسیی هەردوو ڕەگەز بکات.

## فەرموودەی سی‌و حەوتەم

## (شێزاوی خەوتن بە شێوەی سوننەتی‌و نزای کاتی خەوتن)

عن أبي هريرة (رضي الله عنه)، قال: قال النبي (ﷺ): (إِذَا آوَى أَحَدُكُمْ إِلَى فِرَاشِهِ فَلْيَنْفُضْ فِرَاشَهُ بِدَاخِلَةِ إِزَارِهِ، فَإِنَّهُ لا يَدْرِي مَا خَلَفَهُ عَلَيْهِ، ثُمَّ يَقُولُ: بِاسْمِكَ رَبِّي وَضَعْتُ جَنْبِي، وَبِكَ أَرْفَعُهُ، إِنْ أَمْسَكْتَ نَفْسِي فَارْحَمْهَا، وَإِنْ أَرْسَلْتَهَا فَاحْفَظْهَا بِمَا تَحْفَظُ بِهِ عِبَادَكَ الصَّالِحِينَ)[48].

**واتای وشەکان:**

فِراش: نوێن، جێوبان.

فَلْيَنْفُضْ: با بتەکێنێت.

إِزار: کراس.

لا يَدْرى: نازانێت.

وَضَعْتُ: دامنا.

إِحْفَظْها: بیپارێزە.

**واتای کورتی فەرموودە:**

ئەگەر کەسێکتان چووە ناو جێگای نووستن با جێو بانەکەی بتەکێنێت، چونکە نازانێ چی تێدا بەجێماوە (دەگونجێت جانەوەرێك یان شتێکی ئازاردەری تێدا بێت)، پاشان بلێت: بەناوی تۆوە ئەی پەروەردگارم، ڕاکشام، بە ناوی تۆشەوە هەڵدەستمەوە. ئەگەر لەم

[48] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح البخاري, كتاب الدعوات)، باب: (١٣)، بە ژمارە: (٦٣٢٠). هەروەها (صحيح مسلم, كتاب الذكر والدعاء)، باب: (١٧)، بە ژمارە: (٢٧١٤).

نووستنەمدا گیانت کێشام، ڕەحمم پێ بکە، ئەگەر گیانیشت نەکێشام بەو شێوەیەی گیانی پیاوچاکانی خۆتی پێ دەپارێزی، بیپارێزە.

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

**یەکەم:** ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) داچڵەکاندنێکی تێدایە بۆ موسڵمان، کە دەبێ هەردەم لەیادی خوادابێو کارەکانی بەناوی خواوە جێبەجێ بکات، تەنانەت ڕاکشانیشی بۆ نووستن بە ناوی خواوە بێت، واتە: بۆ هەموو شتێك پشت بە خوا ببەستێتو داوای یارمەتی لەو بکات.

**دووەم:** بەڵام ئەو وانەیەشمان فێر دەکات کە نابێت موسڵمان بە بیانووی پشت بەستن بەخوا واز لە سوننەتەکانی خوای گەورە لە جیهاندا بهێنێت، دەبێ هۆکار بەکار بێنێ، پاشان داوای یارمەتی لە خوای خۆی بکات.

**سێیەم:** بۆیە لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) ڕاسپاردەیەکی خۆپارێزیی‌و تەندروستیمان پێ ڕادەگەیەنێت، کە لە پێش ڕاکشان لەناو جێدا پێخەفو جێو بانەکەمان بتەکێنین، نەوەکو جانەوەرێك یان شتێکی ئازاردەری تێدا بێت. کە ئەوە ڕاسپاردەیەکی زۆر زانستیی‌و واقعییە، چونکە زۆرجار ڕێکدەکەوێ جرۆجانەوەری زیانبەخش وەك دووپشكو مارمێلکەو سیسرگو هەزارپێو قالۆنچەو هاوشێوەی ئەمانە لەناو پێخەفدا دەمێننەوە، کاتێك خاوەنەکەی

ڕادەکشێو پێخەفەکە ناتەکێنێ، مەترسی ئەوە هەیە بچنە گوێو لوتیەوە، یا پێوەی بدەن، یا دەردو نەخۆشی بۆ بگوێزنەوە.

لەم فەرموودەیەدا دەکرێ سەرنجێکی وردی تر هەست پێ بکەین، کە ئەویش ئەوەیە فەرمانی داوە بەدیوی ناوەوەی جلی بەرمان پێخەف بتەکێنین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ڕاستەوخۆ دەستمان بەر ئەو جانەوەرە نەکەوێت، یان بەڕووماندا نەیەت، کە ئەگەری ئەوە هەیە لەناو جێو بانەکەدا هەبێت!

**چوارەم:** پاش ئاراستەی ئەم تەرتیباتە خۆپارێزییە وردە، بیرمان دەخاتەوە کە ڕاکشانو هەستانەوەمان، خەوو بێداریمان، هەمووی بەدەست خوایە. فێرمان دەکات لەخوای خۆمان نزیك بین، بەتایبەتی لە کاتی ڕاکشاندا بۆ خەو، کە مرۆڤ سەرحاڵەو دوورە لەسەرجەنجاڵی، فێرمان دەکات کە ئەگەر خەوەکەمان خەوی مردنو حەسانەوەی هەمیشەیی بوو، داوای لێ بکەین ڕەحممان پێبکات، چونکە خوا دەفەرموێ: (الله يتوفى الأنفس حين موتها)، زاناو پزیشکانیش دەمێکە وتوویانە: (خەو برای مردنە). ئەگەر خەوی حەسانەوەی کاتییش بوو، داوای لێبکەین گیانمان بپارێزێت، وەك گیانی تێکڕای بەندە صالّحەکانی خۆی دەپارێزێت، کەواتە فێرمان دەکات نیازمەندیو پێویستیمان بەخوای گەورە لە هەموو کاتێکدا پێمانەوە دیار بێت.

## فەرموودەی سی‌و هەشتەم

## (نموونەی نزایەکی پێغەمبەر (ﷺ))

عن عبد الله، عن النبي (ﷺ) قال: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْهُدَى وَالتُّقَى وَالْعَفَافَ وَالْغِنَى)[٤٩].

**واتای وشەکان:**

اللّهُمّ: ئەی خودایا !

الهُدى: ڕێنوێنیی‌و بەرچاوڕوونیی.

التُّقى: لەخواترسان.

العفاف: پاکیی.

الغِنى: بێنیازیی‌و دارابوون.

**واتای کورتی فەرموودە:**

ئەی خودایا ! بەڕاستی من ڕێنومایی، لەخواترسان، عەفاف‌و پاکیی، بێنیازیی‌و دارابوون، هەر لە تۆ داوا ئەکەم.

---

[٤٩] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (صحيح مسلم, كتاب الذكر والدعاء)، باب: (١٨)، بە ژمارە: (٢٧٢١). (جامع الترمذي, كتاب الدعوات)، باب: (٧٣)، بە ژمارە: (٣٤٨٩). (سنن ابن ماجه, كتاب الدعاء)، باب: (٢)، بە ژمارە: (٣٨٣٢).

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

**یەکەم:** ئەم فەرموودەیە یەکێك لە دوعاو نزا گشتگیرەکان فێری موسڵمان دەکات، کە داوای چەند شتێکی تێدایە، هەموو ڕەهەندە ئیمانییو ویجدانییو ڕەوشتییو ئابورییەکان دەگرێتەوە.

**دووەم:** پێغەمبەر (ﷺ) دەیەوێ موسڵمان چاك لە ژیانو دونیاو دەوروبەریو حیکمەتی هاتنەدونیای خۆی، تێبگات. بۆیە فێری دەکات داوای هیدایەتو تەقوا ـ بۆ ئاسودەیی دەروونی ـ کۆ بکاتەوە لەگەڵ داوای عیففەتو خۆلادان لە هەموو حەرامێك، بۆ ڕاستبوونەوەی ڕەوشتی. لەگەڵ داوای دەوڵەمەندیی ـ چ دەوڵەمەندیی نەفسبەرزییو بێنیازیی، چ دەوڵەمەندیی ساماندارییی ـ بۆ پاراستنی هاوسەنگیی کەسایەتیی خۆی، وەك مرۆڤێکی چاکی چاکەخوازو ئیجابیی لە کۆمەڵگەدا. دیارە کۆبونەوەی (هیدایەت)و (تەقوا)و (عیففەت)و (دەوڵەمەندیی) لە کەسێکدا، ئەو کەسە دەکەنە نموونەو پێشەنگ لەهەر کۆمەڵگەیەکدا.

**سێیەم:** لێرەدا پێغەمبەر (ﷺ) فێرمان دەکات کە خوا وەك خۆی بناسین، بۆ نموونە: کە داوای شتێکمان لێ کرد، وەك داوا لە کەسێکی کەمدەست نەبێ، بەڵکو داوا لە زاتێکی بەتوانای بەخشندە بێت، کە کۆتایی بە خەزێنەی نایەت. بۆیە لە فەرموودەیەکی تردا پێەمبەری خوا (ﷺ) فێری کردووین کە ئەگەر داوای بەهەشتمان

کرد، داوای سەرەوەی بەهەشتو فیردەوسی باڵا (الفردوس الأعلى) بکەین، واتە: نهۆمە بەرزو بڵندەکانی بەهەشت.

ئاخر ئەبێ هەمیشە لەبیرمان بێت کە ئێمەی داواکار کێینو داوالێکراوی کردگاریش کێیە؟ زۆر عەیبو حەیفە، کەسی بە ئاتاج و نیازمەند، لە دەرگای کەریمو سەرچاوەی سەخاوەتدا، داوای شتی کەمو چکۆلەو نزم بکات!.

## فەرموودەی سی‌و نۆیەم

## (گورج‌و گۆڵیی لە پەرستشداو هەوڵدان بۆ بەهەشت)

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): (مَنْ خَافَ أَدْلَجَ، وَمَنْ أَدْلَجَ بَلَغَ الْمَنْزِلَ، أَلا إِنَّ سِلْعَةَ اللَّهِ غَالِيَةٌ، أَلا إِنَّ سِلْعَةَ اللَّهِ الْجَنَّةُ)[٥٠].

**واتای وشەکان:**

مَنْ خاف: هەر کەس ترسا.

أدلج: زوو دەکەوێتە ڕێ.

سِلْعَة: کاڵا.

غالِيَة: گرانبەها.

الجَنّة: بەهەشت.

**واتای کورتی فەرموودە:**

هەر کەسێك بترسێ (بە خێرایی‌و لە سەرەتای شەوی تەمەنیدا) دەکەوێتە ڕێ. هەرکەسیش زوو بکەوێتە ڕێ، دەگاتە مەنزڵ، ئاگادار بن! بەڕاستی کاڵای خوا گرانە، ئاگادار بن! کاڵای خوا بەهەشتە.

---

[٥٠] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوەیەدا هاتووە: (جامع الترمذي, كتاب صفة القيامة)، باب: (١٨)، بە ژمارە: (٢٤٥٠).

**پەندو وانەكانی ئەم فەرموودەیە:**

**یەكەم:** لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (ﷺ) ڕێبواری ڕێی موسڵمانێتیی‌و خوازیاری پاشەڕۆژ، بەكەسێك دەچوێنێ كە ترسی هەیە شەو دوژمن هەڵكوتێتە سەری، بۆیە لە سەرەتای شەودا دەكەوێتە ڕێ، تا پارێزراو بێت. موسڵمانیش لەڕێی بەندایەتیدا، شەیتان‌و حەزە دەروونیەكان‌و غروری دونیا ـ وەك دوژمن ـ مەڵاسیان گرتووە لێی، بۆیە دەبێ لە سەرەتای شەوی تەمەنیدا، خۆی كرژو گورج بكاتەوەو لەو دوژمنانە خۆی دەرباز كات. ئەمەیە واتای (من خاف أدلج).

**دووەم:** هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) لەم فەرموودەیەدا بیرمان دەخاتەوە كە موسڵمان نابێ ئەمڕۆو سبەی بكات‌و شەیتان لە ڕێی (تەسویف)و ئەمڕۆو سبەی‌و دوو سبەیەوە، تەمەنی زێڕینی بەفیڕۆ بدات. بۆیە دەفەرموێ: (ومن أدلج بلغ المنزل)، واتە: ئەو كەسەی لە سەرەتای شەودا بكەوێتە ڕێ، دەگاتە مەنزڵ‌و شوێنی مەبەستی خۆی. واتە دەبێ كەسی بڕوادار هەر لە سەرەتای هۆشكردنەوەو داچڵەكانییەوە تاو بداتە خۆی‌و نەیەڵێ دوا بكەوێت.

خوێنەری ئازیزم! ئەم فەرموودەیە پەیامێكی تایبەتی تێدایە بۆ هەموومان، كە لە سەرەتای كۆچی تەمەنماندا دەستبكەین بە خۆسازدان‌و تۆشەخستن‌و سەرمایەی بە نرخی تەمەنیان زایە نەكەین. وەك شاعیری گەورەمان مەحوی بیرمان دەخاتەوە كە: وریا بن! تاكو

کبریتی هەل‌و فرسەت لە دەستدایە، با چرای فیکر هەڵکەین بۆ ڕۆشنکردنەوەی شەوە درێژەکەی (یەڵدا)[51]ی پاشەڕۆژمان، چونکە ڕۆژی تەمەنمان لە ئاوا بووندایە. دەڵێ:

برا ! فکری چرا، کبریتی فرسەت، تا لە دەستایە

شەوی یەڵدا لە پێشە، ڕۆژی عومرت وەختە ئاوا بێ

**سێیەم:** هەر لەم فەرموودەیەدا گرانبەهایی‌و قەدرو بایەخی بەهەشت دەردەکەوێ، کە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی ناوە (کالآی خوا) واتە: موسڵمان وا نەزانێ کە ئەو کالآیەی بە هەرزان دەستدەکەوێ. دەبێ بزانێ هەوڵ‌و ڕەنج‌و ماندووبوونی دەوێ. تاودانە خۆو هەڵمەت‌و ڕێ بڕین‌و شەوڕەویی و گورج‌و گۆڵیی دەوێ.

---

٥١ دریژترین شەوی ساڵ لە کوردەواریدا پێی دەڵێن: شەوی (یەڵدا), کە لە کوردستاندا دەکاتە شەوی (٢١) ی مانگی (١٢) ی هەموو ساڵێکی زاینی.

## فەرموودەی چلهەم

## (پەلەکردن لە کاری چاکداو سوودوەرگرتن لە تەمەن)

عن أبي هريرة (﵁)، أن رسول الله (ﷺ) قال: (بَادِرُوا بِالْأَعْمَالِ سَبْعًا: هَلْ تَنْتَظِرُونَ إِلَّا فَقْرًا مُنْسِيًا، أَوْ غِنًى مُطْغِيًا، أَوْ مَرَضًا مُفْسِدًا، أَوْ هَرَمًا مُفَنِّدًا، أَوْ مَوْتًا مُجْهِزًا، أَوْ الدَّجَّالَ، فَشَرُّ غَائِبٍ يُنْتَظَرُ، أَوْ السَّاعَةَ، فَالسَّاعَةُ أَدْهَى وَأَمَرُّ؟)[٥٢].

**واتای وشەکان:**

بادِرُوا: خێرا بکەن، دەست پێشبخەن.
الأعْمال: کارەکان.

فَقْرا: هەژارییەك.
مُنْسِيا: لەبیربەرەوە.

غِنىً: دەوڵەمەندییەك.
مُطْغِيا: یاخیکەر.

مَرَضا: نەخۆشییەك.
مُفْسِدا: شێوێنەر.

هَرَما: پیرییەك.
مُفَنِّدا: لەناوبەر.

مَوْتا: مردنێك.
مُجْهِزا: کۆتایی هێنەر.

الدجّال: کەسێك چەواشەی خەڵکیی دەکات.

الساعة: ساتەوەختی هاتنی دواڕۆژ.

أدْهَى: ناسۆر تر، خراپتر.

أمَرّ: تاڵتر.

---

[٥٢] ئەم فەرموودەیە لەم سەرچاوەیەدا هاتووە: (جامع الترمذي, كتاب الزهد)، باب: (٣)، بەژمارە: (٢٣٠٦). بۆ سەنەدەکەی وتوویەتی: (حديث غريب حسن).

**واتای کورتی فەرموودەکە:**

له حەوت کاردا دەستپێشخەریی بکەن. ئێوە جگە لەم حەوت شتە، چاوەڕوانی چی تر دەکەن؟:

١– هەژارییەك، کە شتتان لەبیر دەباتەوە.

٢– یان دەوڵەمەندییەك، کە یاخییو سەرکەشتان دەکات.

٣– یان نەخۆشییەك، کە ئەتانفەوتێنێت.

٤– یان پیرییەك، کە ئەتانشێوێنێتو ئەتانخرافێنێت.

٥– یان مردنێك، کە کۆتاییتان پێدێنیٚو ئەتانبڕێتەوە.

٦– یان دەجاڵ، کە خراپترین گومبوویەکی چاوەڕوانکراوە.

٧– یان دوا ڕۆژو قیامەت، کە زۆر تاڵ ناسۆرترە.

**پەندو وانەکانی ئەم فەرموودەیە:**

بەڕێزان! ئەم فەرمودەیە یەکێکە لە فەرموودە هەرە گرنگو بەبایەخەکان. مرۆڤی موسڵمان دادەچڵەکێنیٚ. بە تایبەتی هەڵمبژارد بۆ کۆتاییهێنان بەم گەشتەی ناو گوڵزاری فەرموودەکان، هیوادارم بە وردیی بیخوێننەوەو دڵی بدەنیٚ.

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) موسڵمانان بێدار دەکاتەوە کە وریا بن، پێشهاتو ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکانتان لەبەرچاو بیٚ، لەبەر ئەوە کات بەفیڕۆ مەدەنو سوود لە هەلەکانی تەمەن وەربگرن. بیریان دەخاتەوە: تا داراو هەبوو و دەستڕۆشتوون،

تۆشەیەك بخەن لەخێرو دەستگرۆیی هەژاران، نەکو هەژارییەك بێت بەسەریاندا، کە هەرچی خۆشیی‌و نیعمەتە لە بیریان بچێتەوە. یان زۆر زیاد لە حەد دەوڵەمەند ببن‌و تووشی بوغرایی‌و لەخۆبایی بوون ببن‌و سەرکەشیی وایان لیٚ بکات قەدری عافیەت‌و نیعمەت نەزانن.

هەروەها تا تەندروستیشن با زەکاتی لەشساغییەکەیان بدەن، بە کاری چاك‌و پەرسشتی دروست، ڕەصیدو سەرمایەی دواڕۆژیان زۆر بکەن، نەکو نەخۆشییەکی کوشندەو زیانبەخش تووشیان ببیٚ‌و ژیانیان ئالوودە بکات‌و ئەوکات فریای هیچ نەکەون.

هەروەها تا گەنج‌و لاویشن، با هەڵمەت بەرن‌و سوود لە وزەی لاویٚتیان وەربگرن، نەکو پیرییەکیان ببیٚ بە تووشەوە کە بیانخرافیٚنیٚ‌و بڕسکیان لیٚ ببڕیٚ‌و توانایان لەبەر نەهیٚڵیٚ.

هەروەها تا زیندوویشن‌و گیانیان لەبەردایەو توانایان هەیە، با دریٚغی نەکەن‌و تفاق بخەن، نەکو مەرگیٚکی لەناکاو دەفتەری تەمەنیان بە یەکجاریی بپیٚچیٚتەوەو هەلیان بەدەستەوە نەهیٚڵیٚت..

جگە لەمانەش ئەگەری پەیدابوونی (دجّال) لە پیٚشە، کە سەر لە مرۆڤ تیٚکدەداو ئاینی ڕاستەقینەی خوای لیٚ دەشیٚویٚنیٚ‌و گومان‌و (تەشکیك)ی بۆ دروست دەکات، (لە هەموو شویٚن‌و سەردەمیٚکدا نموونەی (دجّال) لە شیٚوەو بەرگی تردا، دژی ئاینی خوا هەوڵ دەدەن، دەبا موسڵمان بەرامبەریان بوەستیٚتەوە) .

خۆ ئەگەر هیچ لەمانەش نەبێ، پاشەڕۆژو قیامەت لەپێشە، کە ناڕەحەتیو ناسۆریی لە هەموو شتێك زیاترە، بۆیە خۆبۆسازدانێکی تەواوو پڕبەپێستی دەوێت.

زانست

## دوا پەیڤ

شەوی (٨) ی شەوالی (١٤٢٩) کۆچی، بەرامبەر (٨) ی تشرینی یەکەمی (٢٠٠٨)ی زاینی، لە گەڕەکی باخانی شاری سلێمانی، لە ڕاڤەکردنی ئەم فەرموودانە بوومەوە. لە (١١) ی موحەڕەمی (١٤٣٢ك)، بەرامبەر (١٧)ی کانونی یەکەمی (٢٠١٠ز)، بۆ جارێکی تر لە شوققەکانی (نازسیتی) لە شاری هەولێر پیایاندا چوومەوەو هەڵەچنیی نوسراوەکەم کرد، بەڵام بەداخەوە تا ساڵی (٢٠١٢ز) ـ سەرەڕای ئامادەبوونیان ـ لە چاپ نەدران. بۆ جاری سێیەم لە سەرەتای مانگی (ربيع الأول)ی ساڵی (١٤٣٤ك)، مانگی لە دایکبوونی خاوەنی فەرموودەکان، بەخۆشی یادەکەیەوە، بەرامبەر مانگی یەکەمی (٢٠١٣ز)، بە مەبەستی چاپکردنەوەیان لەسەر داوای چەند برایەك بۆ یادی لە دایکبوونی پێغەمبەرمان (ﷺ)، جارێکی تر پیایاندا چوومەوە.

ئێستەش کە کۆتایی مانگی نیسانی (٢٠١٨ز) یە، بۆ جاری چوارەم بەم کتێبەدا چوومەوەو هەندێك واتاو ڕاڤەم بۆ فەرموودەکان زیادکردو واتای زۆربەی وشەکانم کردو ناونیشانم بۆ چل فەرموودەکە دانا. داواکارم خوای گەورە ئەم کارە بخاتە بەر پاداشتی دوارۆژو سوودبەخش بێت بۆ موسڵمانان.

دوا پەیڤم ئەوەیە کە فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) هەموویان (جوامع الکلم)ن، پڕ واتاو ڕەوانو چڕن. دەکرێ ئەم واتاکردنەی بەندە بۆ ئەم چل فەرموودەیە، دەروازەیەك بێت بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەرانی بەڕێز. ئەگەر پێکابێتمو واتاکان دروست بن، لە خوای گەورەوەنو بەخششی خۆیەتی، ئەگەر هەڵەو ناتەواویشیان تێدا بێت، لە نەزانیی بەندەوەیەو داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەم.

بەم شێوەیە ماڵئاوایی لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەم، هیوادارم خزمەتێکم کردبێتو دڵۆپێك لەدەریای قەرزاریی وەفام بۆ پێغەمبەری سەروەرمان خستبێتە ڕوو. بەو هیوایەی بە لەبەرکردنو وتنەوەو بڵاوکردنەوی ئەم چل فەرموودەیە، ئێمەو خۆتان تووشی زیادە پاداشت بکەن، جگە لەوەش داواکارم دۆعای قبوڵبوونی ئەم کارەشمان بۆ بکەن. سپاردەی خوای گەورە بن.

دواهەمین داوام حەمدو سوپاسی نەبڕاوەو شایانە بۆ خوای گەورەو میهرەبانو دروودی بێپایان لەسەر گیانی پێغەمبەری سەروەرمانو یارو یاوەرو شوێنکەوتووانی (ﷺ).

(١٩/٤/٢٠١٨ز)

سلێمانی

شوققەکانی پزیشکان

زانست